# ٣٠ بابەتی پەروەردەیی

# ٣٠ بابەتی پەروەردەیی

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە

حەمە ساڵح فەرهادی

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە( ٤١ )**

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی

*** ناوی کتێب: ٣٠ بابەتی پەروەردەیی**

*** ناوی نووسەر: حەمە ساڵح فەرهادی**

*** پیتچنین : هەدییە رەحمان - پەیمان**

*** نەخشەسازی: عەبدوڵڵا ڕەحمان**

*** چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر**

*** تیراژ: ٥٠٠ دانە**

# پێشەکی

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا ئەرکی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی حەفتانەم بە ناوی ( قوتابی و پەروەردە) و بۆ ئیستگەی( دەنگی هەولێر — دەنگی قوتابییان و لاوان ) پێ سپێردرا ... ئەو بەرنامەیە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو. دیارە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی وا پێویستی بە زۆر بابەت هەیە لە نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان، سەبارەت بە بابەتە وەرگێڕدراوەکانی بەرنامە کە جگە لەو سەرچاوانەی کە لای خۆم دەست دەکەوتن، تا ڕادەیەك سوودم لە ئەرشیفە بچووکەکەی ئیستگەش وەرگرت ، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیم ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی مامۆستا و پەروەردەکاری نەمر( عیزەدین فەیزی ) بوو کە کاك ( سۆران )ی هاوڕێم هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (المعلم الجدید) ی کتێبخانەکەی باوکی خستە بەر دەستم.

ئەو چەند بابەتە پەروەردەییانەش کە لە دووتۆی ئەم کتێبە دا بەرچاو دەکەون بەشێکی ئەم بابەتانەن کە لە بەرنامەی ناوبراودا پێشکەش کراون و هەموو بابەتەکانیش- بەرنامەی باخچەی قوتابخانەی لێ دەربچێ — بە دەستکاری لە ژمارەکانی گۆڤاری ( المعلم الجدید )ە وەرگێراون، مەبەست لە دەستکاری کردنەکەش هەر بۆ ئەمە بوو کە بەرگێکی کوردانەی بە بەردا بکرێ بێ ئەوەی کاکڵەی مەبەست لە دەست بچێ.

شایانی باسە بابەتەکان پاشتر ناو بەناو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لای خۆمانیش بڵاو کراونەتەوە.

هیوادارم بە چاپکردنی ئەم کتێبە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی ڕەوتی پەروەردەم کردبێ ... لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**حەمە ساڵح فەرهادی**
**هەولێر**

# متمانە بە خۆکردن

متمانە بە خۆ کردن یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی مرۆڤ لە کار و پیشەکانیدا.

ئەو کەسانەی کە متمانەیان بەخۆیان نییە و لە هەموو کارو بارێکدا هەر پشت بە ڕاوبۆچوونی خەلك دەبەستن و خۆیان هیچ تەکبیرێکیان بۆ نایە، ئەو جۆرە کەسانە کەسایەتییەکی بێ هێزیان هەیە و پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە. ڕا وەرگرتنی کەسانی شارەزا و پسپۆر لە هەندێك ئیشوکاری تایبەتیدا کارێکی خراپ نییە بەڵکو پێویستیشە، بەلام متمانەی کوێرانە بە ڕاو بۆچوونی هەندێك کەس و گوێ نەدان بە ڕاو بۆچوونی خۆمان مانای وایە متمانەمان بە خۆمان نییە، دیارە متمانە بە خۆ نەکردنیش مانای سەرنەکەوتنی کەسەکەیە لە کارەکانیدا.

فەیلەسووفی بە ناوبانگ (جۆن ستیوارت میل) لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا لە بارەی سەربەستی نووسیوەتی و دەڵی:-

پێویستە مرۆڤ بە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی کار بکات، چونکە هەر یەکێك لە ئیمە دەتوانێت کاری بە سوود پێشکەش بەو جیهانە بکات کە تێیدا دەژی و ئەگەر هەموو لایەکمان بە ڕاو بۆچوون و بیری خۆمان هاوبەش نەکەین مانای وایە کۆمەل تووشی زیانێکی گەورە

دەبێت. لەوانەیە زۆر کەس وابزانێ کە ڕاو بۆچوونیان هیچ گرنگییەکی نییە ئەگەر لەگەڵ ڕاو بۆچوونی هۆشمەند و ئەهلیکاراندا بەراورد بکرێ.

(میل) هەر خۆی وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ ئەو کەسەی وابزانێ کە خۆی یان کەسانی دی توانای بیرکردنەوە و رادەڕبرینیان نییە، ئەو جۆرە کەسانە هەر خویان لە دوایی دا بۆیان دەردەکەوێ کە دەتوانن زۆر شت بکەن.

باشترین ڕێگا بۆ ئەوی متمانەمان بە خۆمان زیاتر بێ و باوەڕمان بە ڕاو بۆچوونەکانی خۆمان بەهێزتر بێ، ئەوەیە کە هەول نەدەی بیر کردنەوە و قسەکردنمان بۆ ئەوە بێ تا خەلك لێمان رازی بن، بەلکو دەبێ بۆ ئەوە بێ کە ویژدان و بیر و باوەڕی خۆمان رازی بکەین، چونکە ئەگەر وامان کرد ئەوە خەلکیش زیاتر متمانەمان پێ دەکەن، چونکە دەزانن مرۆڤێکی بیروباوڕ بەهێز و متمانە بەخو کەرین.

بۆ ئەوەی بشزانین تا چ رادەیەك متمانەمان بە خۆمان هەیە ئەوا لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین و سەیر بکەین: ئایا لەگەڵ هەموو ڕاو بۆچوونەکانی کتێبەکە داین؟ یان لە ڕەوانگەی بیر و باوەڕی خۆمانەوە دەروانینە کتێبەکە؟ لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکە تێبینییە تایبەتییەکانی خۆمان لە لا گەڵاڵە دەبێ یان نا؟ چونکە زۆر هەڵەین ئەگەر واتێ بگەین کە هەر شتێك لە کتێبدا چاپ کرا بێ ڕاستە و چەند و چوونی پێ ناوێ! هەر کاتێکیش لە خوێندنەوەی کتێبەکە بووینەوە لە خۆمان بپرسین:

- ئایا نووسەرەکەی بەڕاستی و وردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە؟
- ئایا جیاوازی لە نێوان ڕاستی و ڕاوبۆچوونەکان دەکەین؟

- ئایا ڕاو بۆچوونی کتێبەکە لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی ئیمە ڕێك دەکەوێ؟

هەر کاتێك خۆمان وەلامی ئەو پرسیارانەمان دایەوە دازانین تا چ ڕادەیەك متمانەمان بە خۆمان هەیە.

**سەرچاوە**

* فلیبس. دبلیو. یۆنگ/ ترجمة السید احمد عثمان البسام / ثق بنفسك مجلة (المعلم الجدید) المجلد العشرون ل١٠٧ - ١١١

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ١٨٣٠ ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/٢٥ بلاو کراوتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# باخچەی قوتابخانە

قوتابخانە کۆمەڵگایەکی بچووکە و قوتابیان ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکی تێدا دەبەنە سەر بۆ ئەوەی فێر بن و پەروەردە بکرێن و بۆ ئاییندە ئامادە بکرێن، بۆیە پێویستە قوتابخانە:

- سەرەڕای پێداویستییەکانی خوێندن- پێداویستییەکانی دیکەی حەسانەوەیشی تێدا بێ، یەکێك لەو پێداویستییانەش باخچەی قوتابخانەیە.

باخچەی قوتابخانە بەو پارچە زەوییە دەگوترێ کە بە درەخت و گوڵ و گوڵزار و چیمەن دەچێندرێ و شوێنی یاری کردن و حەسانەوەیشی تێدایە.

قوتابی جگە لەوەی کە ڕۆژانە کاتێکی باش لەو باخچانە بەسەر دەبات، فێری دوو شتی زۆر گرنگیش دەکات ئەو دوو شتە پێڕەوکردنی سیستەم و یاسا و فێربوونی کارە سەرەکییەکانی کشتوکاڵە بە تایبەتی بۆ وڵاتێکی کشتوکالی وەکو کوردستان.

## دامەزراندنی باخچەی قوتابخانە

لە کاتی دامەزراندنی باخچەی قوتابخانە پێویستە چەند خالێك ڕەچاو بکرێ، لە مانە:

١- زەویی باخچەکە تا ڕادەیەك فراوان بێ بە جۆرێك ئەو مەبەستە بپێکێ کە بۆی دامەزراوە و قوتابی و مامۆستایان بە ئاسوودەیی کاتی خۆیانیان تێدا بەرنە سەر.

٢- نەخشەکێشان و بناغە دانانی باخچەی لە لایەن کەسانی پسپۆر و شارەزاوە ئەنجام بدرێ و قوتابییانیش هاوبەشی تێدا بکەن.

٣- دەبێ بزانین قوتابخانە چ جۆرە قوتابخانەیەکە و تێکڕای تەمەنی قوتابییانی چەندە، چونکە قوتابخانە سەرەتاییەکان پێویستە ڕووبەڕووی ئەو زەوییەی فراوان بێ کە بە چیمەن دەچێندرێ، لە هەمان کاتدا جۆلانە و کەرستەکانی دیکەی یاری کردنیشی تێدابێ. بەڵام قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان پێویستە ڕووبەرێکی شیاوی بۆ یاری کردن و تۆپانێ تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی بتواندرێ چالاکییە وەرزشییەکانی تێدا ئەنجام بدرێ.

٤- ئەگەر بتوانرێ شوێنێك تەرخان بکرێ بۆ پیشاندانی سلاید و فیلمی ڕۆشنبیری بۆ قوتابیان و خەڵکی دیکەی ناوچەکەش، بە تایبەتی لە قوتابخانەکانی لادێ.

٥- گۆڕەپانی باخچەکە کورسی و شوێنی دانیشتن و حەسانەوەی تێدا بێ.

٦- پێویستە بینایەی قوتابخانەکە لە لایەك بێ و باخچەکەش لە لایەکی دیکەوە و نێوانیشیان بۆ گۆڕەپانی یاری تەرخان بکرێ.

٧- شوێنی تایبەتی لێبێ بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبیل.

## چی لە باخچەی قوتابخانە بچێندرێ

کاتێك لە نەخشەکێشان و دامەزراندنی باخچەکە دەبینەوە دەبێ بزانین چ جۆرە ڕووەکێك بچینین، بۆیە پێویستە ئەو خالانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

١- ئەو جۆرە درەختانەی تێدا بچێندرێ کە زوو گەورە دەبن و سێبەریان چڕ دەبێ بۆ ئەوەی قوتابیان لە ژێریدا بحەسێنەوە.

٢- هەوڵ بدرێ زیاتر ڕووەکە بە تەمەنەکانی تێدا بچێندرێ چونکە ئەو جۆرە ڕووەکانە زۆر پێویستییان بە خزمەت کردن نییە.

٣- بایەخێکی تەواو بە گۆڕەپانی چیمەن بدرێ.

٤- گوڵی ڕەنگاوڕەنگی جوانی تێدا بچێندرێ،چونکە ئەو گوڵانە دیمەنێکی جوان بە قوتابخانەکە دەبەخشن و قوتابیان بە بینینی دڵیان دەکرێتەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و لە قوتابخانە بێزار نابن.

٥- نابێ ڕووەکی دڕکاوی و ژەهراوی تێدا بچێندرێ چونکە ئەو جۆرە ڕووەکانە قوتابی ئازار دەدەن.

٦- هەتا بکرێ ئەو جۆرە ڕووەکانە بچێندرێ کە لە پشووی هاویندا پێویستیان بە ئاودانی زۆر و ڕاژە کردن نەبێ.

کتێبخانەی هەموو

**سەرچاوە**

* الحدائق و نباتات الزينة، تأليف: جماعة من الاساتذة.

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ١٨٦٧ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٧ دا بلاو کراوەتەوە.

# چیرۆکی منداڵان

چیرۆکی منداڵان گرنگییەکی زۆری لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵدا هەیە و هۆیەکی سەرەکییە بۆ پەروەردە کردنی و چەسپاندنی خوو و ڕەوشتی بەرز لە مێشکدا بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی بەکەڵکی کۆمەڵ. کورد هەر لە زووەوە گرنگی بە چیرۆکی منداڵان داوە،لە ڕابردووی نزیدا کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و ئامێرەکانی تۆمار کردن و وێنەگرتن نەبوون، منداڵان شەوگاری درێژی پایز و زستانانییان بەم چیرۆکانە بەسەر دەبرد بە شێوەیەك کە ئەندامانی خێزان بە کۆمەڵ لە دەوروبەری ئاگردانـدا دادەنیشتن و یەکێکی گەورە، ئینجا ئەو کەسە باوك بووایە یان دایك یان داپیرەی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون، دەستیان بە چیرۆك گوتن دەکرد و منداڵانیش زۆر بە تاسەوە گوێیان بۆ ڕادەگرتن و شەوگاریان پێ بەسەر دەبرد.

ئەو چیرۆکانە ئیستا بوونەتە سەرچاوەیەکی گرانبەهای فۆلکلۆر و شایانی ئەوەن چەندین لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە بنووسرێ و بە پوختەییش کۆبکرێنەوە.

زانستی نوێی پەروەردە سەلماندوویەتی کە ئەو چیرۆکانە گرنگییەکی زۆریان لە پێگەیاندنی کەسایەتی منداڵدا هەیە،چونکە چێژێکی

هەواڵنامەی کتێب

تایبەتییان هەیە و بە هۆی ئەم چیرۆکانەوە شارەزای جیهانی پڕ ڕووداو و ئەفسانە و شتی سەیر و سەمەرە دەبن بەمەش ئاسۆی بیریان فراوانتر دەبێ و مێشکیان دەکرێتەوە و ئەزموونی ژیانیان لەلا گەڵاڵە دەبێ.

ئەو جۆرە چیرۆکانە زۆریان باسی ئازایەتی و جوامێری و چاو نەترسی دەکەن، ئەنجامی ئەو چیرۆکانەش هەمیشە سەرکەوتنی ڕاستییە بە سەر ناڕاستی و ڕەوشتی چاکە بە سەر ڕەوشتی ناهەموار و نارێك، بۆیە ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵان باشترین پەندیان لێ وەردەگیرێ.

منداڵ کاتێك کە گوێی لە چیرۆکێك دەبێ و لە چیرۆکەکەدا هەست بەوە دەکات کە یەکێك دەچەوسێندرێتە وە یان زۆرداریی لێ دەکرێ یەکسەر هەست بە ئازارەکانی دەکات، بەم جۆرە هەر لە منداڵییەوە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە دەبێ. جگە لەمەش زۆر جار ئەم جۆرە چیرۆکانە خۆشی دەخەنە دەروونی منداڵان و دەیانهێننە پێکەنین ئەمە ئەو جۆرە چیرۆکانە دەبنە هۆی ئەوەش کە منداڵ بەهرەی ئەدەبی و نووسینی لا دروست ببێ.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەو جۆرە چیرۆکانە لە مێشکی منداڵان دوور بخەینەوە کە دەبنە هۆی ترس و لەرزێکی زۆر بۆیان یان فێری درۆ ودەلەسەیان دەکات.

باشترین چیرۆکیش بۆ منداڵان ئەو چیرۆکانەن کە لە ناو جەرگەی کۆمەڵەوە هەڵقوڵابن و فێری ڕەوشت بەرزییان بکات.

گێڕانەوەی چیرۆکیش هونەری تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕێتەوە وە پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات:

١- هێمنی و لە سەرخۆیی/ ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕێتەوە دەبێ هێمن و لەسەر خۆ بێ و هێندە بە بزاڤ و جووڵە جووڵ نەبێ کە ببێتە

هۆی ئەوەی منداڵ لە بەر سەیرکردنی ئاگای لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە نەمێنێ.

٢- دەنگی ئاسایی و شێوازی جوان بێ / پێویستە چیرۆکبێژ بە دەنگی ئاسایی چیرۆك بگێڕێتەوە.

٣- ئاماژە کردن/ ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕێتەوە پێویستە لە کاتی پێویستدا ئاماژەی تایبەتی بەکار بێنێ بەڵام نەك بە شێوەیکی وا کە ببێتە هۆی ترساندنی منداڵ.

٤- دانیشتن / جۆری دانیشتن ئامادە بووان کار دەکاتە سەر کاریگەری چیرۆکەکە،بۆیە پێویستە ئەوانەی گوێ دەگرن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دابنیشن وەکو شێوەی نیو بازنەیی یان هەر شێوەیەکی دیکە. ئەو کەسەی چیرۆکەکەشی دەگێڕێتەوە وا چاکە لە بەردەمیاندا بوەستێ دەست بە چیرۆکەکەی بکات.

٥- چیرۆکبێژ/ کەسایەتی چیرۆکبێژەکە و شارەزا بونی لەو هونەرە کار لە کاریگەرێتی چیرۆکەکە دەکات.

هەولێرنامەی کتێب

**سەرچاوە**

* ماتيلد ليريش/ ترجمة:كاظم عبدالهادي/ قصص الاطفال و قيمتها مجلة(المعلم الجديد) المجلد ٣٤ مايس ١٩٧٣ ل ٣٢-٣٩ .

** لە ڕۆژنامەی(برایەتی )ژمارە ١٨٧٢ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/١٣ دا بڵاو کراوەتە وە .

# شارەزا بوونی خوو و ڕەوشت بنچینەی پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییانە

یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی قوتابخانەکان دەبێتەوە گرفتی تێگەیشتنی خوو و ڕەوشتی قوتابییانە، چونکە شارەزایی تەواوی مامۆستا لە بابەتەکانی خوێندن و پێڕەوی کردنی باشترین ڕێگاکانی وانە گوتنەوە بەس نییە بۆ ئەوەی بە مامۆستایەکی سەرکەوتوو دابندرێ.

مامۆستا هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی بچووکی زیندوو دەکات نەك لەگەڵ کەلوپەلی بێ گیان، بۆیە زانینی خوو و ڕەوشتی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا زیندووە کرێکی پێویستە،چونکە بە بێ ئەوە هەر کەسێکی دیکەی شارەزا دەتوانێ زانستەکان بە قوتابییان ڕابگەیەنێ، تەنانەت بە تۆمار کردنی کاسێتیش ئەو کارە ئەنجام دەدرێ.

ئیمە هەموو لایەکمان گرنگی بە خۆمان دەدەین، بە ڕەفتار و گفتارمان، بە هەڵسوکەوت و جوولانەوەمان .. کەواتە پێویستە هەندێکیش گرنگی بەو کەسانە بدەین کە ڕۆژانە چەند کاتژمێر لە گەڵیاندا دەژین و لە نزیکەوە پێوەندیمان پێیانەوە هەیە و پەروەردەیان دەکەین و دەمانەوێ بییانکەینە هاووڵاتییەکی چاك و سوود بەخش.

قوتابیان هەر یەکەیان لەماڵێکەوە هاتوون و پەروەردەی دەستی باوك و دایکن و ڕەوشت و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدی جیایە،بۆیە

شارەزایی تەواوی هەریەکەیان کاری مامۆستا ئاسانتر دەکات و دەتوانێ زیاتر سوود بەخش بێ و گرفتەکان بە ئاسانی چارە سەر بکات.

قوتابی وەکو هەر کەسێکی دیکەی کۆمەڵ پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە، پێویستی بە جۆرێك لە سەربەخۆیی و گرنگی پێدانی بەرانبەرەکەی هەیە،پێویستی بە رێز گرتن و بە دیار کەوتن هەیە، پێویستی بە ئارامی و ئاسایش هەیە، بۆیە زانینی ئەو خاڵانە لەلایەن مامۆستا و گرنگی پێدانی دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی زۆربەی تەگەرە و گرفتەکان. ئیمە لێرە دا چەند خاڵێك دەخەینە پێش چاوو لەو باوەڕە داین پێڕەوی کردنیان لە سوودی پرۆسەی پەروەردە دایە، خاڵەکانیش ئەمانەن:

١- مامۆستا دەبێ لە بابەتی وانەکانی خۆیدا بە توانا بێت و رێگای دروستی وانە گوتنەوە بگرێتە بەر.

٢- رێز گرتنی دوو لایەنی نێوان مامۆستا و قوتابیان، بە جۆرێك رێز گرتنە کە ڕاستگۆ یانە بێت نەك لە ترسان، یان بۆ ئەوەی قوتابییەکە چەند نمرەیەك لە مامۆستا بقاچێنێتەوە.

٣- مامۆستا بە شێوەیەکی برایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیان بکات و هەول بدات خۆشەویستییەکی چاك لە نێوانیاندا دروست ببێ.

٤- مامۆستا خۆی بە پەروەردەکار بزانێ نەك بە سەرچاوەیەکی ئەمر و نەهی.

٥- تا ڕادەیەك سەربەستی و دیموکراتی لە قوتابخانەدا هەبێ و کەش و هەوایەکی گونجاوی تێدا دروست بکرێ.

٦- مامۆستا لە ناخەوە باوەڕی بە مافی قوتابییان هەبێ و بزانێ کە هەر قوتابییەك کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە و بە سنگێکی



هەواڵنامەی کتێب

فراوانەوە گوێ لە داخوازییەکانییان بگرێ و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.

٧- هەڵسوکەوتی لەگەڵ قوتابییاندا بە یەکسانی بێ و بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێوانیاندا نەکات.

٨- پێوەندی لەگەڵ قووتابییاندا باش بێ ،بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزایان بێت.

٩- خۆی بە ڕابەری قوتابییان بزانێ و بۆ کاری چاك ڕێزگرتنی یاسا و سیستەمەکانی قوتابخانە و کۆمەڵ ئاراستەیان بکات و گیانی هاوکاری و تەبایی و برایەتییان لە نێواندا پتەو بکات.

١٠- جنێو فرۆش نەبێو هەوڵ نەدات قوتابی بەسەرخۆیدا بشکێنێتەوە، بەتایبەتی لە بەردەم هاوڕێکانیدا،بەڵکو بە شێنەیی ڕەخنە لە ڕەفتارە ناهەموارەکانی بگرێ، چونکە ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی قوتابی بە قەناعەتەوە لە هەڵەکانی پەشیمان بێتەوە و ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر.

١١- بەر ڕوویەکی خۆش و زەردەخەنەوە بچێتە پۆل، بۆ ئەوەی قوتابییان وا هەست بکەن کە برادەرێکی ئازیز سەردانیان دەکات نەك سەرکردەیەکی توند و تیژ.

١٢- باری دەروونی و ئابووری قوتابییانی بزانێ و شارەزای هەڵسوکەوتیان بێ.

١٣- لە کاتی نمرە داناندا وەکو کەسێکی تۆڵەکەرەوە هەڵسوکەوت نەکات و ڕق و قین لە قوتابییان هەڵنەگرێ.

١٤- لەگەڵ قوتابییاندا بە ڕاشکاوی گفتوگۆ بکاو ترسیان لە مێشکیدا نەهێڵێ.

١٥- نمرە نەکاتە تاکە ڕێگایەکی هەڕوگیف کردن لە قوتابییان.

١٦- لەگەل ئەم خالانەی سەرەوەش هەموویان، مامۆستا خۆی پێشەوای پۆلە و دەبێ بتوانێ بە تەواوی کۆنترۆلی بکات.

لە ریفراندۆمێکدا کە (هارت)ی زانای پەروەردەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ(١٠٠٠٠) قوتابی پۆلەکانی کۆتایی خوێندنی دواناوەندیدا سازی دابوو و تێیدا لێی پرسیبوون کە کام مامۆستایان لا خۆشەویستە، ئەو دوازدە خالانە دەستنیشان کران:

١- یارمەتی قوتابییان دەدات و وانەکان بە تەواوی ڕاڤە دەکات و زۆرترین نموونە دێنێتەوە.

٢- ڕووخۆش و کراوەیە.

٣- مرۆڤە و وەکو یەکێك لە خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات.

٤- گرنگی بە قوتابییان دەدات و ڕێزیان دەگرێ.

٥- هەوڵ دەدات قوتابییان وانەکەیان لا خۆشەویست بێت حەز لە کارکردن بکەن.

٦- ڕێزدار بێ نەك توند و تیژ و بتوانێ پۆلەکەی کۆنترول بکات.

٧- دادپەروەر بێت.

٨- نەرم و لەسەر خۆ بێ.

٩- وانەکان باش بلێتەوە.

١٠- کەسایەتییەکی ڕووخۆشی هەبێ.

١١- بە ئارام و بەزەیی بێ.

١٢- لە نمرەداناندا دادپەروەر بێ.

زۆر خالی دیکەش لە ڕیفراندۆمەکەدا باس کراوە، بەلام ئەم دوازدە خالانە لە هەموویان زیاتر.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە**

عبدالجليل الزوبعي/ فهم السلوك الشخصي أساس للعلاقة بين الطلاب و المدرس. مجلة (المعلم الجديد)/المجلد الحادى و العشرون . اذار- نيسان ١٩٥٨ ل ٨-١٦

** لە ڕۆژنامەی(برایەتی) ژمارە ١٩٣٩ ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# منداڵ و درۆکردن
# جۆرەکانی و چارەسەرکردنی

ئەو شتەی کە زۆر دایك و باوك و مامۆستایان پەرۆش دەکات ئەوەیە کە ببینن منداڵ و قوتابییەکانییان بە بەردەوامی درۆ دەکەن.

منداڵ بۆ داپۆشینی هەڵە و تاوانەکانی درۆ دەکات و پێوەندییەکی پتەویش لە نێوان درۆ و دزی و خیانەتکاریدا هەیە، چونکە ئەو کەسەی درۆ زۆر بکات دزی و خیانەتکاریشی لە لا ئاسان دەبێ. هەندێك لە باوك و مامۆستایان بە توندی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانییان دەکەن و زۆر جاریش لە سەر درۆ کردن لێیان دەدەن چونکە لەو باوەڕەدان کە بەمە واز لەو کردارە ناپەسەندە دێنن، بەلام زۆر جار ئەنجامەکە پێچەوانە دەبێ.

زاناکانی پەروەردە لەو باوەڕەدان کە ڕاستی لە قسە و کردەوە دا دەستکەوتە و مرۆڤ لە باوك و باپیرییەوە بۆی نامێنێتەوە.

دوو شت هەن یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ ئەوەی درۆ بکات، ئەو دوو شتەش زمانپاراوی و توانایەتی،بۆیە لە ئەفسانە کۆنەکاندا هاتووە کە ئەو منداڵەی زوو زمان بگرێ و بتوانێ بەڕەوانی قسە بکات، ئەو منداڵە درۆزن دەبێ، بەلام ئەو بۆچوونە لە سەر بنچینەیەکی زانستی نییە. درۆ زۆر جۆری هەیە، گرنگەکانی ئەمانەن:

١- درۆی خەیاڵی / ئەو جۆرە درۆیە کە منداڵ لە تەمەنی ٣-٦ساڵیدا فێری دەبێ، وەکو ئەوەی دەبینێ مێشوولەیەکی گەورە لە کتێبی خوشکەکەیدا دەردەپەڕێ، لە ڕاستیشدا شتی وا نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە پێشتر وێنەی ئەو مێشووڵە گەورەیەی لە کتێبەکەدا دیوە، یان دەبینێ پشیلەکەیان شاخی لێ ڕواوە، ئەویش بە هۆی ئەمەیە کە بزنێکی شاخداری دیوە بە خیاڵی ئەویش دەشێ پشیلەش ئاوا شاخی لێ بڕوێ. ئەو جۆرە درۆیە منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەیکات و پاشان نامێنێ.

٢- درۆی لێ تێکچوون/ وەکو ئەوەی کە منداڵ جیاوازی لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا نەکات، بۆ وێنە:هێندە گوێی لە وەسفی یەکێك دەبێ تا وای لێ دێ خۆی بەو کەسە تێبگات و وابزانێ ئەوە، ئەو جۆرە درۆیەش منداڵ لەتەمەنی بچووکیدا دەیکات.

٣- درۆی پڕۆپاگەندە / وەکو ئەو منداڵەی کە لە وەسفی خۆی و کردەوە باڵاکانی هێندە زیادڕەوە هەتا خەڵك پێی سەرسام بن و بە مرۆڤێکی بە توانای بزانن، بۆ وێنە: منداڵ لای هاورێکانی باسی ئەو هەموو کەلوپەلی یاری کردن و جل وبەرگە جوانانە دەکات کە هەیەتی، لە ڕاستیشدا وانییە، یان زۆر بە سەرسامییەوە باسی ڕەوشتە باڵاکانی باوکی دەکات و ئەو هەموو شتە بەهادارانەی کە بۆ ماڵەوەی دەکڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا وانییە.

٤- درۆی مەبەستدار/ ئەو درۆیەیە کە منداڵ بۆ بە دیهێنانی مەبەستەکانی بەکاری دێنێ وەکو ئەوەی لە ماڵەوە پارەی پێ نەدەن و بچێتە ماڵە دراوسێکانی و بە ناوی باوك و دایکییەوە پارەیان لێ وەربگرێ.

٥- درۆی بەرگری/ ئەو درۆیەیە کە منداڵ بیکات بۆ ئەوەی لە سزادان ڕزگاری ببێ یان بۆ شتێك پەنا دەباتە بەر درۆ بۆ ئەوەی لێی بێبەش نەبێ وەکو ئەوەی کە کەسوکاری لە یاری کردن لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانی قەدەغەی بکەن.

درۆی بەرگریش دەبێتە دوو بەش: یەکەمیان بۆ پاراستنە وەکو ئەوەی منداڵێك بۆ ئەوەی براکەی لە قوتابخانە لە سزای مامۆستاکانی بپارێزێ درۆی بۆ دەکات، دووەمیشیان درۆی تۆڵە سەندنەوەیە، ئەمیان مەترسی زۆرترە، وەکو ئەوەی منداڵێك بوختان بە یەکێك بکات بۆ ئەوەی سزا بدرێ چونکە وا دەزانێ بە سزادانی تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە.

بۆ چارە سەرکردنی ئەو جۆرە درۆیانەش پێویستە ڕێگای شیاو بدۆزرێتەوە، وەکو:

١-دەبێ بزانین درۆ کردنەکە کاتییەیان بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر دووبارە بێتەوە چ جۆرە درۆیەکە و بۆ چی دەیکات.پێویستە چارەسەرییەکە بە لێدان و سزادانی ڕاستەوخۆ نەکرێ، بەلکۆ لە هۆکارەکانی بگەڕێین، ئینجا لەبەر ڕۆشنایی هۆکارەکان چارەسەری شیاو بدۆزرێتەوە.

٢- پێویستە بوارێکی وا بۆ منداڵ نەڕەخسێنین کە فێری درۆی بکات و ماوەی ئەوەیشی پێ نەدرێ کە درۆ بکات، چونکە درۆی سەرکەوتوو چێژێك بە منداڵەکە دەدات و وای لێ دەکات کە لە سەری بەردەوام بێت، بۆیە دەبێ زۆر ئاگادای منداڵە درۆزنەکان بین و هەمیشە بەشتی بەڵگەدار منداڵەکە بگەیەنینە قەناعەت تا واز لە درۆ بێنێ.

٣- هەر کاتێك منداڵ دانی بە درۆکانی خۆی دانا پێویستە لە سەری سزا نەدرێ چونکە دان پێدان پیرۆزی خۆی هەیە و دەبێ پارێزگاری لەو پیرۆزییە بکرێ،لەو حاڵەتەدا وا باشە بە شێنەیی هەندێك سەرزەنشتی بکەین. دەبێ ئەوش بزانین بەکارهێنانی هێز بۆ ئەوەی منداڵ دان بە درۆکانیدا بنێ کارێکی پەروەردەیی نییە، چونکە لەو کاتەدا منداڵەکە هەوڵی ئەوە دەدات کە درۆی تازەتر و گەورەتر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێ.

٤- دەبێ ئەوەش بزانین کە منداڵ نهێنییەکانی خۆی تەنیا لای هاوڕێ نزیکەکانی دەدرکێنێ و ئامادە نییە لای باوك و مامۆستاکانی بیڵێ، چونکە شەرمیان لێ دەکات و تا ڕادەیەکیش لەوانەیە لێیان بترسێ. بۆیە وا باشە بە سۆز و خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانماندا بکەین و هەرگیز سزای هێندە گەورەیان بەسەر دانەسەپێنین کە لەگەڵ تاوانەکانیاندا نەگونجێ، دەبێ سزادانەکەش لەو کاتەدابێ منداڵەکە گەیشتبێتە قەناعەت کە تاوانبارە، چونکە سزادانی منداڵ بێ ئەوەی تاوانەکەی بزانێ وای لێ دەکات بۆ خۆ ڕزگارکردن پەنا بەرێتە بەر درۆ.

باشترین ڕێگەش بۆ ئەوەی دایك و باوك و مامۆستایان منداڵی پێ لە درۆ دوور بخەنەوە ئەوەیە کە خۆیان لە بەردەمیاندا درۆ نەکەن. منداڵ هەر چەندە بچووکیش بێ دەبێ گرنگیپێ بدرێ و ڕێزی خۆی لێ بگیرێ.. پێویستە بایەخ بە ئامادە کردنیان بدەین و ئارەزوو و پێداویستییە ڕەواکانیان بە گوێرەی توانا بۆ دابین بکەین.

**سەرچاوە**

السيد شفيق نقاش/ الكذب : انواعه و علاجه ، **مجلة** (المعلم الجديد)، العدد /٢ تشرين الثاني ١٩٤٠ ل ١٢٥-١٣٠

* * لە ڕۆژنامەی (برایـەتی)ژمـارە ١٩٥٣ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆڵی مامۆستا لە دەستنیشان کردنی نەخۆشییەکانی قوتابی

مامۆستا پزیشك نییە و کاری سەرەکی ئەویش دەستنیشـان کردنـی نەخۆشییەکان نییە، بەڵام لەبـەر ئـەوەی ڕۆژانـە چـەندین منـداڵ لـە پۆلەکەیدا دەبینیٚ و لە نزیکەوە ئاگاداریان دەبـیٚ، دەتـوانیٚ منـداڵی نەخۆش لە منداڵی ساغ جیا بکاتەوە، بە پێچەوانەی باوك  کە تـەنیا لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات و ناتوانیٚ بـە ئاسـانی هەست بە نەخۆشییان بکات.

دەستنیشان کردنی منداڵی نەخۆش و جیا کردنەوەی لە منداڵە لەش ساغەکان پێویستی بە زانستییەکی بەرزی پزیشـکی نییە،بـەلکو لـە جولانـەوە و هەڵسـوکەوت و خـوو و ڕەوشـتی منداڵەکـەدا بـەدیار دەکەویٚ، بۆیە هەر کاتێك مامۆستا هەستی بەوە کرد کە منداڵێك لە پۆلەکەیدا نەخۆشە پێویستە ڕەوانەی نزکترین بنکەی تەندرۆستی ئـەو شوێنە بکریٚ کە قوتابخانەکەی لێیە،بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستا هەر لە بەیانییەوە لـە یەکـەمین وانـەدا دەتـوانیٚ ئـەو جۆرە قوتابییانـە دەستنیشـان بکـات و ئەوانـەی مەترسـی نەخۆشـییان لیٚ دەکـریٚ و لەوانەیە قوتابییانی دیکەش  بە هۆی ئەمانەوە تووش بن پێویستە بە زوویی ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێن، ئەگەر ئەمەش لە توانـادا نـەبوو

دەبێ قوتابییەکە لەگەڵ نووسراوێك ڕەوانەیماڵەوە بکرێتەوە بۆ ئەوەی ماڵەوە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەنجام بدەن، چونکە مانەوەی ئەو جۆرە قوتابییانە لەوانەیە زیان بە قوتابییانی دیکەش بگەیەنێ و خۆیشی نەخۆشییەکەی لێ گرانتر ببێ.

منداڵ زۆر جار هەست بەنەخۆشی خۆی ناکات، منداڵێك کەبینایی کزبێ و نەتوانێ بەئاسانی نووسینەکانی سەر تەختە ڕشەبخوێنێتەوە، وادەزانێ منداڵانی کەش هەموویان وان، یان منداڵێك لەکاتی زۆر ڕاکردن و ماندووبووندا سەری بسووڕێ،وا دەزانێ هەموومنداڵان ئاوان ....

بەم جۆرە منداڵان خۆیان توانای دەستنیشان کردنی نەخۆشیی خۆیان نییە بۆیە لێرەدا ڕۆلی مامۆستا بەدیار دەکەوێ بۆئەنجامدانی ئەو کارە.

زۆر نیشانەی وا هەن بەڵگەی نەخۆشیی منداڵ و پێویستە چارەسەر بکرێت، لەوانە: قوڕگ ئاوسان و چاو سوور بوون ودەموچاو ئەستوور بوون و تەنگە نەفەسی و لووت گیران و کۆخە و سەر یەشەو تاو لەرزو ئێش و ئازار لە هەموو شوێنێکی لەش.

**سەرچاوە**

* السيد محمد محمود الجبوري/ مراقبة صحة التلاميذ/ مجلة المعلم الجديد/ المجلد التاسع عشر / كانون الاول ١٩٥٦ ل ٤٩-٥٢

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ١٩٥٩ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٦/٤ دا بڵاو کراوەتەوە .

# کتێبخانەی قوتابخانەکان

دەڵێن کتێب باشترین هاوڕێ مرۆڤە، بۆیە کتێبخانە گرنگییەکی زۆری لە ژیانی ڕۆشنبیری هەموو لایەکماندا هەیە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییە و باشترین شوێنە بۆ بەسەربردنی کاتی بێ ئیشی.

سەبارەت بە قوتابخانەکانیش پێویستە هەر قوتابخانەیەك کتێبخانەی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوانەی تێدا کۆبکرێتەوە کە مامۆستا و قوتابییانی قوتابخانە کە پێویستیان پێی دەبێ و دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. ئەو کتێبخانانەش دەبێ شوێنی تایبەتییان بۆ ئامادە بکرێ و ئەو شوێنەش هەموو مەرجەکانی تەندروستی تێدا بێ وەکو ڕووناکی و هەوا گۆڕکێ و پەنجەرە. کتێبخانە پێویستە هۆڵی تایبەتی خوێندنەوەی تێدا بێ و هەموو پێداویستییەکانی تێدا دابین بکرێ بە تایبەتی کورسی و مێز و هۆکارەکانی گەرمی و فێنك کردنەوە، هەر وەکو پێویستە لە لایەن کەسانی تایبەتمەندەوە و سەرپەرشتی بکرێ و ڕۆژانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێك ویسترا سوودی لێ وەربگیرێ.

کتێبخانە پێویستە ژمارەیەکی شیاو کتێبی هەبێ، باشترین ڕێژەش - هەروەکو پسپۆڕ شارەزایان دایانناوە -ئەوەیە کە هەر کتێبخانەیەك بە لای کەمی (دە) ئەوەندەی قوتابییانی قوتابخانەکە کتێبی تێدابێ و

١/١٠ ی قوتابییانیش جێگایان تێدا ببێتەوە ..بۆ نموونە: ئەگەر قوتابخانەیەك ژمارەی قوتابییانی (٥٠٠) قوتابی بێ، پێویستە کتێبخانەکەی (٥٠٠٠) کتێبی تێدا بێ و جێی (٥٠) قوتابی بگرێتەوە، کتێبەکانیش لە شوێنی تایبەتی دابندرێن، ئەو شوێنانەش چ تاقیچکە بن یان دۆلاب،بە مەرجێك دۆلابەکان بێ دەرگا بن، چونکە دۆلابی دەرگا داخراو قوتابی لە کتێبخانەکە دوور دەکاتەوە. هەروەکو پێویستە کتێبەکان بە شێوەیەکی زانستی پۆلین بکرێن و دابنرێن و لە تۆمارە تایبەتییەکانیش تۆمار بکرێن و ژمارەیشیان لە سەر دابندرێ بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێ بە ئاسانی داوای بکات و سەرپەرشتکاری کتێبخانەکەش بتوانێ بە ئاسانی کتێبەکە بخاتە بەر دەستی داواکاران، جگە لەمەش ڕێکخستن و ڕێکوپێکی کاروبار لە هەموو کارێکدا شتێکی پێویستە.

وا باشە کتێبەکان هەمە لایەن بن بەلام گرنگییەکی تایبەتی بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی ئەو شوێنە بدات.. بۆ وێنە: کتێبخانەی کۆلیجی پزیشکی پێویستە پتر بایەخ بە سەرچاوە پزیشکییەکان بدات و کتێبخانەی ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایان بە کتێبەکانی پەروەردە دەروونزانی و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە .. هەروەها پێویستە کتێبەکان لە چەند لایەکەوە بە مۆری قوتابخانەکە مۆر بکرێن بۆ ئەوەی لە مەترسی و نبوون و نەمان بپارێزرێن.

پێویستە سەرپەرشتکاری کتێبخانەکە کە کارتی تایبەتی بۆ پێدان و وەرگرتنەوەی کتێب ئامادە بکات و سالانەش چەند کۆڕێك بۆ قوتابیان ساز بکات و تێیاندا گرنگی‌کتێب و کتێبخانە و چۆنیەتی وەرگرتن و سوود بینین لە کتێبیان بۆ ڕوون بکاتەوە و هانیان بدات کە پارێزگاری

لە پاکو خاوێنی کتێبخانە و کتێبەکان بکەن، چونکە کتێبخانە ماڵی هەموو کەسێکە و هەموو لایەك سوودی لێ وەردەگرن.

**سەرچاوە**

* عبدالجبار داود البصري /المكتبة المدرسة ، **مجلة المعلم الجديد/ المجلد الحادى و العشرون** /١٩٥٨ ل ١١٥ – ١١٨

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ١٩٩٠ ی ڕۆژی ١٩٩٤٧/٧/١١ دا بلاو کراوەتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# وانەی سروود

# لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا

دوای ئەوەی کە ساڵانی ڕابردوو، ساڵانی کوێرەوەری و ژێر دەستی هەموو شتێکمان چەواشە ببوو و مێشکی منداڵانمان بەو شتانە گۆش دەکران کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئاوات و ئامانجی گەلەکەماندا ڕێك نەدەکەوت، ئێستاش دوای ڕاپەڕین مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ و هاتنە کایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە مامۆستایانی بابەتی (سروود) گرنگییەکی تایبەتی بەم وانەیە بدەن چونکە چالاکیی بیر و مێشکی قوتابییانی پێ نوێ دەبێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە شیعری لەبار و بەهێز هەڵبژێردرێ و شارەزایانە بابەتەکان دەستنیشان بکرێن، باشترین دەقیش بۆ سروود ئەو دەقەیە کە لە ناو جەرگەی کۆمەڵەوەهەڵقوڵابێ، وەکو ئەوانەی کە لە بارەی سروشتی کوردستان و ئازایەتیی گەلی کورد و خۆشەویستی نیشتمان و خوێندن و قوتابخانە و کارکردنی، یان ئەو دەقانەی کە لە بارەی پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستانن .. تاد، چونکە بەم جۆرە بابەتانە خۆشەویستی ئەو شتانە لە مێشکی قوتابییاندا دەچەسپێ و توانای ئەدەبی و هونەرییان زیاد دەکات و ئارەزوویان دەچێتە سەر ئاواز و گۆرانی و مۆسیقای کوردی و مێشکییان پێی پاکتر و ڕەوەشتیان بەرزتر و هەستیان ناسکتر دەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

قوتابییان لەم تەمەنەدا- کە بەهاری تەمەنییانە – گوڵی ژیانن، دەبێ بە جۆرێکی وا پەروەردە بکرێن کە خۆیان بە پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردستان بزانن و هەست بکەنکە ئەرکی سەرشانییان خوێندن و گوێڕایەڵی کردنی مامۆستاکان و سیستەمەکانی قوتابخانەیە و دوای ڕۆژی خۆیان و وڵات و نەتەوەکەیان لە سەر ئەوانەوە بەندە.

دەبێ ئەوەش بزانین هەر تەمەنێك جۆرە سروودێکی بۆ دەگونجێ و پێویستە بەوردی ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێ.

باشتریش وایە پێش گوتنەوەی وانەکە مامۆستا بە کورتی بابەتی سروودەکەیان بۆ ڕاڤە بکات، بۆ وێنە: ئەگەر سروودەکە لە بارەی (پێشمەرگە ) وە بوو پێویستە قوتابی بزانێ پێشمەرگە چییە و چ ئەرکێکی لە ئەستۆدایە و بۆ چی ئیمە بە پیرۆزی دەڕوانینە پێشمەرگەکانی کوردستان؟ ئەمە و ئەگەر لە هەر پۆلێك یان لە هەر قوتابخانەیەك تیپێکی سروود پێك بهێندرێ و ساڵانە پێشبڕکێی هونەری لە قوتابخانەکاندا ساز بکرێ، جار جارەش چ لە ڕێگای ئاهەنگ ساز کردنەوە بێ یان لە ڕێگای تەلەفزیۆن چالاکییان نیشان بدرێ کارێکی باشە.

**سەرچاوە**

* یاسین الراوی / درس الأناشید الوطنیة/ مجلة المعلم الجدید/ المجلد الرابع و العشرون / نیسان –مایس – حزیران ١٩٦١ ل ١٥٢-١٥٦ بە دەستکارییەکی زۆرەوە .

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی ) ژمارە ٢٠٠١ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥ دا بڵاو کراوەتەوە .

# قوتابییە بەهرە دارەکان ودوارۆژیان

مەبەست لە قوتابی بەهرەدار ئەو قوتابییەیە کە لە بۆارێکی ژیانـدا بەهرەیەکی تایبەتی هەیە و چالاکانە بە دیار دەکەوێ و ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی کارامە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ ئەوا پسپۆڕێکی شارەزا و بلێمەتێکی سەردەمی خۆی لێ دەردەچێ.

سەرەتای بەدیار کەوتنی بەهرەی ئەو جۆرە قوتابییانـە لـە قۆنـاغی سەرەتاییەوەیە... دەبینین ئازاد قوتابییەکە حەز لە مۆسیقا دەکـات، دیار دەنگی خۆشە، چنار حەز لە شیعر و ئەدەب دەکات، کـارزان لـە کاری دەست بەهرەدارە، هیـوا لـە نـاو هاوڕێکانیـدا دەیـەوێ دەوری پێشڕەو و سەرکردە ببینێ، تارا ئارەزووی وێنە کێشانی هەیـە، کـاوە وەرزشەوانێکی باشە، ژیان خەتی خۆشە ...تاد.

کـە چـی لـە قوتابخانەکانـدا وەکـو پێویسـت گرنگـی بـەو جـۆرە بەهرەدارانە نادرێ و ئارەزووی ئارەزوومەندان پشت گوێ دەخرێ، کـە تاقیکردنەوەی کۆتایی سالێش دادێ تەنیا ئەو کەسانە دەردەچـن کـە بابەتـەکانی بەرنامـەی خوێنـدنی بڕیـار لـە سـەر دراویـان زانیـوە و وەلامەکانییان ڕاست بووە، ئینجا بەهەر هۆیەك بێت ! بە دەرغ کردن، قۆپییـە، پێوەنـدیی تایبـەتی، یـان تێگەیشـتنی بـە تـەواوی، بەهرەدارەکانیش بە کەوتوویی دەمێننەوە و لە خوێندن دوا دەکەون، و

لە دوا ڕۆژدا ناتوانن شوێنی شیاوی خۆیان لە کۆمەڵ وەربگرن، کە چی ئەوانی دیکە دەبنە خاوەن بڕوانامەی باش و بەرز و شوێن و پایەیەکی دیار یان لە کۆمەڵدا دەبێ. بۆیە پێویستە بایەخێکی تایبەتی بە قوتابییە بەهرەمەندەکان بدرێ و زیاتر بخرێنە کار، چونکە وڵاتی پێشکەوتوو پێویستی بە هەموو جۆرە بەهرەیەکی شیاو هەیە و ئەو خاوەن بەهرانەش ئەگەر گرنگییان پێ بدرێ و پشت گوێ نەخرێن و بواری لە باریان بۆ بڕەخسێندرێ، ئەوا دەتوانن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە کۆمەڵ و پێشکەوتنیدا ببینن.

## سەرچاوە

الدکتۆر علی جواد الطاهر / أهل المواهب / مجلة المعلم الجدید / المجلد العشرون / کانون الأول. ل ١١٦-١٢٠

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی ) ژمارە ٢٠٠٧ ی ١٩٩٤/٨/١ بڵاو کراوەتەوە.

# منداڵ و پرس کردن

زۆر لە دایك و باوکان پەرۆشی ئەوەن کە منداڵەکانیان لە رادەبەدەر لە شت دەکۆڵنەوە و پرسیاری وا دەکەن مرۆڤ سەری پێ سووڕ دەمێنێ، تەنانەت زۆر باوك و دایك خۆزگەی ئەوەیانە کە مندالەکانییان وا بە زوویی فێری قسە کردن نەبوونایە!

منداڵ لە تەمەنی سێ چوار ساڵییەوە دەست بە پرسیار کردن دەکات، زۆربەی پرسیارەکانیش پرسیاری سەر سوور هێنەرن و سووریشن لەسەر ئەوەی وەڵامی تەواویان بدرێتەوە.

منداڵ زۆر حەز لە شت فێر بوون دەکات، بۆیە بێ دوودڵی و شەرم کردن لە هەموو شتێك دەپرسێ، تەنانەت لە تەمەنی سێ چوار ساڵییەوە هەندێك جار پرسیاری وا دەکات کە پێوەندی بە (سێکس)ەوە هەیە، بە شێوەیەك کە دایك و باوك پێی تەریق دەبنەوە و نازانن چۆن وەڵامی دروستی بدەنەوە.

هەندێك لە دایك و باوکان وا دەزانن ئەو جۆرە پرسیارانە مانای نەشازیی منداڵەکانییانە، لە ڕاستیشدا وا نییە، بۆیە پێویستە کە منداڵ ئەو جۆرە پڕسیارانە دەکات وەڵامی شیاویان بدرێتەوە، نەك لێ بێدەنگ بن یان لەسەر ئەو جۆرە پرسیارانە سزایان بدەن.

منداڵ زۆر جار دەپرسێ نەك تەنیا بەر ئەوەی شت فێر ببێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی خەڵك بێ، یان بۆ ئەوەی گوێی لێ ڕابگیرێ، یان خۆی خۆشەویست بکات و گرنگی پێ بدرێ، زۆر جاریش دەپرسێ بۆ ئەوەی وەکو یاخییەك خۆی نیشان بدات یان وەکو نارەزایی دەربڕین بەرانبەر بە دەستەڵاتی باوك و کەس و کار. پرسیاررەکانیش هەموو جۆرن بەڵام زۆربەیان لە بارەی پێکهاتەی لەش و جیوازی نێوان کوڕ و کچ، یان کە منداڵێك تازە لە دایك دەبێ منداڵان لەوە دەپرسن ئەو منداڵە تازە بووە چۆن و لە کوێ هاتووە؟!

زۆر جار دایك و باوك لە وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەدا دەمێنن و نازانی چی بڵێن؟! بۆیە دەیانەوێ بە کورتە وەڵامێك بیبرنەوە بەڵام منداڵەکە بڕی بەو کورتە وەڵامە ناشکێ، بەڵکو زیاتر دەپرسێ و دەیەوێ بە تەواوی بگاتە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە.. بەمەش منداڵ متمانەی بە باوك و دایکی نامێنێ و هەست دەکات ئەوان نایانەوێ هەموو شتێکی پێ بڵێن، بۆیە زۆر جار منداڵ پرسیارەکان لە بێگانەیەك دەکات، ئەویش بە ئارەزووی خۆی وەڵامی دەداتەوە و زۆر جاریش وەڵامەکە هەڵە دەبێ و هەڵەکەش لە مێشکی منداڵەکە دەچەسپێ، بەم جۆرە منداڵەکە چەواشە دەبێ.

پێویستە ئەوەش بزانین کاتێك کە منداڵ لە شتێك بپرسێ و ئێمەش وەڵامی نەدەینەوە منداڵەکە هیوا بڕ و بێ ئومێد دەبێ و وا هەست دەکات کارێکی هەڵەی کردووە، بۆیە بەسەر خۆیدا دەشکیتەوە و دڵتەنگ دەبێ، زۆر جاریش دەیەوێ ئەو کارە بە کاردانەوەیەکی خراپتر چارەسەر بکات وەکو دزی و درۆ کردن.

وەڵام نەدانەوەی پرسیارە هەمە چەشنەکانی منداڵ بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی کە پێوەندییان بە (سێکس)ەوە هەیە، وا لە منداڵ دەکات

بە تەنیا ڕووبەڕووی تەنگو چەڵەمەکان ببێتەوە و نەتوانێ چارەسەریان بکات، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە شتانە بە وەڵامی پەروەردەیی و لەبار لـە منداڵ بگەیەندرێ.

**سەرچاوە**

* ضیاءالدین ابو الحب / اسئلة الاطفال / مجلة المعلم الجدیـد / المجلـد التاسع عشر / حزیران ١٩٥٦ . ل ٥٠-٥٣

** لە رۆژنامەی (برایەتی) ژمـارە ٢٠١٨ ی رۆژی ١٩٩٤/٨/١٤ دا بڵاوکراوتەوە.

## قوتابی و دەوروبەر

زانایانی پەروەردە سەلماندوویانە کو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان قوتابی و دەوروبەردا هەیە.

منداڵ هەستیارەو زوو هەست بەدەوروبەر و جۆری مامەڵە لەگەڵ کردن دەکات، ئەو هەست کردنەی منداڵیش دەبێتە بنچینەی دروستکردنی کەسایەتی منداڵەکە.

منداڵێك کە لە ماڵێکی بێ تەنگوچەڵەمەو لە لایەن دایك و باوکێکی تەباو ڕێکوپێکەوە پەروەردە بکرێ جیاوازە لەگەڵ ئەو منداڵەی کە لە ماڵێکی بە ئاژاوەو گیرو گرفت و شیرازە تێکچوو و لە لایەن دایك و باوکێکی ناکۆك پەروەردە بکرێ.

ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانەدا تەمبەڵن و کاری دزێو و نارێك ئەنجام دەدەن زۆربەیان ئەو قوتابییانەن کە لە ماڵەوە پابەندی ترس و خەیاڵ بوونە تەنگو چەڵەمەی خێزانی وایان هەیە کە ناتوانن چارەسەری بکەن، بۆیە ئەو شارەزایانەی کە گرنگی بە پەروەردە کردنی قوتابییان دەدەن و دەیانەوێ هۆکارە ڕاستەقینەکانی تەمبەڵی و گێرە شێوێنیی قوتابییەك بزانن، هەمیشە چەند پرسیارێکی گرنگ ڕووبەڕووی باوکی دەکەنەوە، لەمانە:

- ئایا منداڵەکە بە شێوەیەکی شەرعی لە دایك بووە؟
- ئایا باوك و دایکەکە لەگەڵ یەك دەژین و ڕێکوپێکن؟
- ئایا منداڵەکە هیچ خوشك و برای تری هەیە و تەمەنیان چەندە؟
- ئایا بەتەنیا نانوێ؟ ئەو کەسانە کێن کە لەگەڵیان دەخەوێ؟
- ئەو بنەما پەروەردەییانە چین کە منداڵەکەی لە سەر پەروەردە دەکەن؟

ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بابەتە ڕێنمایی پسپۆڕانی پەروەردە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن هۆکارە ڕاستەقینەکانی لادانی قوتابییەکە بزانن.

دەبێ ئەویش بزانین کە پێوەندیی پتەوەی منداڵ لەگەڵ خوشك و براکانی کاریگەرییەکی چاك دەکاتە سەر قوتابییەکە چونکە منداڵ کە هەست بکات جیاوازییەکی دیار لە نێوان جۆری هەڵسوکەوت و سۆز و خۆشەویستی ئەو لەگەڵ یەکێك لە برا، یان خوشکەکانی لە لایەن باوك و دایکیدا هەیە، ئینجا ئەو جیاوازییە لەبەر هەر هۆیەك بێ کار دەکاتە سەر هەست و دەروونی قوتابییەکە.

کاریگەرترین تەگەرەش کە ڕووبەڕووی منداڵی نۆبەرە دەبێتەوە ئەوەیە کە منداڵی دووەم لە دایك دەبێ، چونکە منداڵە تازە لە دایك بووە کە جێی ئەو دەگرێتەوە.

ئینجا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە ڕووی دەروونییەوە دروست و ڕێکوپێك بن پێویستە لە ماڵەوە کەشێکی گونجاوو لە باریان بۆ بڕەخسێنین.

**سەرچاوە**

* الدكتور نورى جعفر/ البيئة و اثرها في تكوين الانسان / **مجلة المعلم الجديد** / المجلد الحادى و العشرون / تموز – تشرين الاول ١٩٥٨. ل ١-١٠

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢٠٢٨ ی ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٧ دا بڵاوكراوەتەوە.

# منداڵ و دیسپلین
## ( زەبت کردن )

زۆر کەس وا دەزانن ژیان ئەرکی هێندە سووکە هیچ پێویستی بە چاودێری کردن و دیسپلین نییە، لایان وایە ژیان تەنیا هەر حەسانەوە و ڕابواردنە، خواردن و خواردنەوەیە، گوێ گرتن لە ڕادیۆ و سەیر کردنی تەلەفزیۆن و چوونە سینەمایە.

بە پێچەوانەوە ژیان پێویستی بەچەند بنچینەیەکی سەرەکیی هەیە کە منداڵی لە سەر پەروەردە بکرێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببێتە ئەندامێکی بە کەڵکی کۆمەڵ.

زانست ئیستا لە پلەیەکی هێندە پێشکەوتوودایە توانیویەتی زۆر شتمان بۆ دابین بکات، ماوەتەوە پەروەردە کردنی زانستییانە و پێشکەوتووانەی منداڵ، ئەمەیان تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەستۆی دایك و باوك و مامۆستایان دایە.

بیر و هۆشی، ماسولکەکان، وزە و توانا، هەموویان پێویستیان بە بەکارهێنان هەیە بۆ ئەوەی توانا شاردراوەکان بە دیار بکەون.

ئەو گەلەی بییەوێ بەر هەلستیی دژەکارە ناوخۆ و دەرەکییەکان بکات، دەبێ خۆی بەهێز بکات، بەهێز کردنەکەش هەمەلایەن بێت،

ئەمەش وەنەبێ بە ئاسانی بێتە دی، بەڵکو دڵسۆزی و لەخۆ بردوویی دەوێ، ویست و ئارەزووی پتەوی گەرەکە.

مرۆڤ تەنیا هەر جەستە نییە، مرۆڤ تەن و هۆش و گیانە، بۆیە پەروەردەکردنی یەکێك لەم سێیانە و فەرامۆش کردنی یەکێکی کە کارێکی شیاو نییە چونکە بە پەروەردە کردنی هەرسێکیان مرۆڤێکی لەش ساغ و سوود بەخش و هۆش دروستمان بۆ دێتە دی.

مرۆڤ ئەو کاتە سوود بەخش دەبێ کە جلەوی خۆی لە دەست خۆیدابێ و بیر و هۆشی فەرمانداری بێ نەك سۆز و ئارەزووی، ئەگەر گۆڕینی خوو و ڕەوشت و نەریت و هەڵسوکەوتی مرۆڤی بەتەمەن شتێکی ئاسان نەبێ، با هەر ئیستاوە منداڵەکانمان لە سەر بنچینەیەکی ڕاست و دروست پەروەردە بکەین و فێری خوو و ڕەوشتی بەرزییان بکەین و تێیان بگەیەنین کە ژیان کارکردن و تێکۆشانە، یارمەتیدان و هاوکارییە، هیوا و کۆڵنەدانە.

پێویستە منداڵەکانمان لە تەمبەڵی و خۆ پەرستی و تەسك بینی و ناز و فیز بپارێزین، چونکە سەردەمی ئیستامان سەردەمی کارکردن و خۆ بەخت کردن و بەکارهێنانی تواناکانی مرۆڤە.

دوا جار دەبێ ئەوەش بزانین کە پەروەردە کردنی منداڵ پێویستە لە تەمەنێکی زووەوە دەست پێ بکات، چونکە لە دەستدانی هەر هەلێك لە کاتی خۆیدا بۆ دوایی چارەسەرییەکەی زەحمەتتر دەبێ.

**سەرچاوە**

السيد حكمت عبدالمجيد / الظبط و أثرة في حياة الفرد / مجلة المعلم الجديد / العدد/٢ السنة/٦ تشرين الثاني ١٩٤٠ ل ١١٨-١٢٤

**لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢٠٥٥ی ڕۆژی ٢/١٠/١٩٩٤دا بڵاو کراوەتەوە.

# هاوکاری کردنی نێوان باوکان و مامۆستایان

ڕاستییەکی گرنگ هەیە هەموو پەروەردەکاران دەیزانن ئەویش ئەوەیە کە گەشە کردنی منداڵ لە هەموو ڕوویەکەوە بەندە بە چۆنیەتیی ئەو بارودۆخەی کە منداڵەکەی تێدا دەژی و پەیوەندی نێوان قوتابییەکە لەگەڵ ماڵ و قوتابخانەدا تا چ ڕادەیەك بتەوە و چ سەربەستییەکی پێدراوە.

پەیوەندی پتەوی نێوان باوکان و مامۆستایان هۆیەکی کاریگەرە بۆ پێشکەوتنی قوتابییەکە لە هەموو ڕوویەکەوە. پەیوەندی بتەوی نێوان قوتابخانە و ماڵەوەش بەمە دەبێ کە لە قوتابخانەدا کەش و هەوای ماڵێکی گونجاو و پاك و لەبار بۆ قوتابییان بڕەخسێ و وا هەست بکەن کە قوتابخانەش وەکو ماڵەوە لە لایەن کەسانی لە خۆیان گەورەتر و دلسۆزەوە بە سوزێکی باوکانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، هەروەك پێویستە قوتابخانە جۆرەها هۆی پەرەپێدانی ئارەزووەکانی قوتابی تێدا بێ بۆ نەشونما کردنی تواناکانی.

پەیوەندی بتەوی نێوان باوکان و مامۆستایان یارمەتی ئەوە دەدات کە تەنگوچەڵمەکانی قوتابییان بە زوویی دەستنیشان بکرێن و هەوڵی چارە سەرکردنییان بدرێ.

دەبێ ئەوەش بزانین کە چۆنیەتی هەڵسوکەوت و مامەڵە لە گەڵ کردنی باوك و دایکان هۆیەکی کاریگەرە بۆ گەشە پێدانی کەسایەتی منداڵەکە و ئەو مامەڵە کردنەش پێویستی بە لێزانین هەیە، چونکە زۆر لە باوکان بە خێرایی پێداویستییە ماددییەکانی منداڵەکانیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام بەو ڕادەیە گرنگی بە پێداویستییە دەروونییەکانی منداڵەکانیان و پێشخستنی کەسایەتییان نادەن.

هەندێك دایك و باوك زیاد لە پێویست منداڵەکانیان بەناز پەروەردە دەکەن و هەرگیز وشەی(نا)یان بەڕوودا نادەن لە گشت هەلە و کەمو کورییەکانیان چاوپۆشی دەکەن.

بەمجۆرە منداڵەکانیان بێ هێز و لاواز دەردەچن و وا هەست دەکەن کە ناتوانن گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن و ڕوو بەڕووی پێداویستی و تەگەرەکانی ژیان ببنەوە، کە گەورەش بوون متمانەیان بە خۆیان نابێ و پشت بە کەسانی دیکەوە دەبەستن.

بە پێچەوانەی ئەوەش هەندێك لە باوکان و ئەوەندە بە توندی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن و هیچ جۆرێك ڕێگایان نادەن بە ڕاشکاوی داواکارییەکانی خۆیان بدرکێنن. بۆیە ئەو جۆرە منداڵانە پەنا دەبەنە بەر ڕێگای نادروست وەکو درۆ و پێچ و پەنا و فرت و فێڵ.

زۆر لە باوکان لەبەر تەمبەڵی و دواکەوتنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە نیگەرانن و هۆی ئەو تەمبەڵییەش دەخەنە ئەستۆی مامۆستاکانیان و نازانن کە منداڵ ئەو کاتە فێری شت دەبێ کە بە تەواوی بۆی ئامادە کرابێ و خۆیشی ئارەزووی لەسەر بێ.

دەبێ قوتابیش ئەوە بزانێ کە خوێندن بۆ فێر بوونە نەك بۆ بەدەست هێنانی نمرەی زۆر، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوکاتە ئەوەی فێریش دەبێ بە خێرایی لە بیری دەچێتەوە.

زۆر لە باوکان هۆی هاوکاری نەکردنیان لەگەڵ قوتابخانە و مامۆستایان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە پڕ کارن و ناتوانن ئەو ئەرکە بەجێ بێنن، بۆیە دەبینین ئەو جۆرە باوکانە تەنیا لەو کاتەنەدا سەر لە قوتابخانەی منداڵەکانیان دەدەن کە کێشەیەك ڕوویدابێ یان ئەو کاتەی کە کارتی نمرەکان وەردەگرنەوە و لە وانەکانیان کەوتوون.

زۆر جار کە مامۆستایان لای باوکێك ڕەخنە لە منداڵەکەی دەگرن و کەموکورییەکانی بۆ باس دەکەن باوکەکە بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەکە وەرناگرێ و وادەزانێ کە ڕەخنە گرتن لە منداڵەکەی مانای کەمتەرخەمی باوکەکە خۆیەتی. بۆیە پێویستە باوکان بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەی مامۆستایان وەربگرن و هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدەن. هەر چەندە زۆر لە مامۆستایانیش وەکو پێویست ناچنە ناو ناخی قوتابی و بە وردی لە هەڵسوکەوت و ڕادەی تێگەیشتن و پێشکەوتنی ناکۆڵنەوە، بێ گومان ئەمەش هۆکارێکە بۆ یەك نەگەیشتن نێوان مامۆستا و قوتابی و باوکان.

**سەرچاوە**

* صلاح الدين حسن / نحو تعاون أفضل بين الآباء و المعلمين. / مجلة المعلم الجديد / المجلد التاسع و العشرون / كانون الثاني-اذار ١٩٦٦ ل ٣٦-٤٣

** لە ڕۆژنامەی(برایەتی) ژمارە ٢٠٥٧ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/٤دا بڵاو کراوەتەوە، جارێکی دیش بە هەڵە لە ژمارە ٢١١٠ی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/١٨ی هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە.

# تەنگوچەڵەمەی لێدان
# لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا

تا ئیستاش لێدان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەر ماوە هەرچەندە پەروەردەی نوێ قەدەغەی کردووە، ئەو لێدانەش بە گوێرەی مامۆستا و قوتابخانە و قوتابییان خۆیانیش دەگۆڕێ.

هۆکارەکانی لێدان زۆرن،لەمانە:

مامۆستا هەیە لێدان بە هۆکارێك دەزانێ بۆ سەپاندنی کەسایەتی خۆی و کۆنترۆل کردنی پۆل، مامۆستاش هەیە خۆی لە ناخەوە حەز لە بەکارهێنانی هێز دەکات و کوڵی دڵی خۆی پێ دادەمرکێنێتەوە، مامۆستاش هەیە لەو باوەڕەدایە کە لێدان پێویستە چونکە قوتابییان لە ماڵەوەش لێی ڕاهاتوون و دایك و باوکیشیان هەر بەم شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە زانایانی پەروەردە سەلماندوویانە ئەوەیە کە لێدان بە هیچ شێوەیەك نابێتە هۆی چەسپاندنی سیستەم و یاسا بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر جار سیستەمی قوتابخانەی پێ تێك دەچێ و دەبێتە هۆی ئازاردانی قوتابی و کار لە گەشەکردن و کەسایەتیشی دەکات و زیان بە دوارۆژی دەگەیەنێ، چونکە بەکارهێنانی هێز دەبێتە هۆی ئەوەی کاردانەوەیەك لە مێشکی قوتابیدا دروست ببێ، تەنانەت زۆر

جار کارەکە بە خراپی بۆ مامۆستاکەش دەگەڕێتەوە و قوتابییەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەم جۆرە گیانی یاخی بوون لە قوتابخانەدا دروست دەبێ.

ڕاستە زۆرجار لێدان ڕادەیەکی خێرا بۆ ڕەفتاری قوتابییەکە دادەنێ و واهەست دەکرێ تەنگوچەڵەمەکە کۆتایی هاتووە بەڵام ئەنجامەکە کاتییە و بە بەردەوامی بەرقرار نابێ.

لێدان بۆ مامۆستایانیش سوودی نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕقی پێ دادەمرکێتەوە، بەڵام ئەنجام ئەوەیە قوتابییەکەقین لە مامۆستاکەی هەڵدەگرێ.

زاناکانی پەروەردە سەلماندوویانە کە پێویستە خۆشەویستی لە نێوان مامۆستا و قوتابیاندا هەبێ، چونکە بە بێ خۆشەویستی قوتابی ناتوانێ گوێرایەڵی مامۆستاکەی بێت و زانستەکانی لێ وەربگرێ.

ڕۆلێ مامۆستا دەبێ ڕێ نیشاندەرانە بێ وە هەردەم قوتابییان بۆ ئەو کارانە ئاڕاستە بکات کە خۆی بەباشی دەزانێ سوودی پرۆسەی پەروەردەیان تێدایە.

وە نەبێ‌پەروەردەیی نوێش ئەوە بگەیەنێ کە قوتابی بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات کەسیش بەرهەڵسێی نەکات، بەڵکو دەبێ ئێمە بۆ چارەسەر کردنی هەر تەگەرەیەك لە هۆیەکانی تەگەرەکە خۆی بگەڕێینی پاشان لە بەر ڕۆشنایی هۆیەکان و لەسەر بنچینەیەکی زانستییانە چارەسەری بکەین.

ئەو مامۆستایەتی کە لەسەر هەر شتێکی گەورە و بچووك لە قوتابی بدات،ئەوانە ئەو بۆ خۆی توشی نیگەرانی دەکات و ژیانی ئاسوودە نابێ.

دەبێ ئەوەش بزانین کە منداڵ لە بنچینەدا شەڕخوازنییە بەڵکو بوو نەوە ڕێکەکارەکانی خۆی ئەنجام دەدات و بۆ ئەوەی گەشە بکات پێویستە بە جۆرەها بزاف و جووڵانەوە هەیە، بۆیە پێویستە مامۆستا پشووی فراوان بێ بە هێمنی چاودێریی بزوتنەوە و هەڵسوکەوتی قوتابییەکان بکات و وەکو ڕابەرێك ڕێگای ڕاستیان نیشان بدات و لە کردارو ڕەوشتی خراپ دووریان بخاتەوە.

**سەرچاوە**

یعرب السعیدی/ مشکلة الضرب في المدرس الابتدائیة/ مجلة المعلم الجدید / المجلد ٣١ شباط ١٩٦٩. ل ٦٥-٦٧

* * لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢٠٧٥ ی رۆژی ١٩٩٤/١٠/٣٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەرکە پەروەردەییەکانی ماڵەوەی قوتابی

ئەرکە پەروەردەییەکانی ماڵەوە ئەو ئەرکە پەروەردەییانە دەگەڕێتەوە کە قوتابی لە دەرەوەی قوتابخانەدا ئەنجامی دەدات، وەکو پێداچوونەوەی وانەکانی پێشووی یان خۆ ئامادە کردن بۆ وانەکانی داهاتوویان زیاتر زانیاری پەیدا کردن لەسەر بابەتێك ئینجا ئەو ئەرکانە چ لە سەر داوا کردنی مامۆستایان بێ یا خود خۆی هەستیان پێ بکات.

مەرج نییە ئەو ئەرکانەش تەنیا وانەکانی ئەکادیمی و تیوری بگرێتەوە، بەڵکو ڕاهێنانەکانی وەرزش و ئامادە بوون لە کۆڕە ڕۆشنبیرییەکان و خۆ خەریك کردن بەوێنە کێشان، یان مەشق کردن لەسەر ئامێرێکی مۆسیقا، یان ئەنجامدانی ئەزموونە زانستیەکانی تاقیگە.. هتاد.

ئەو جۆرە ئەرکانەش وە نەبێ تەنیا تایبەت بێ بە قوناغێکی خوێندن بەڵکو هەموو قوناغ و کەناڵەکانی خوێندن دەگەڕێتەوە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ و خوێندنی باڵاش.

ئەنجامدانی ئەو جۆرە ئەرکانە وا لە قوتابی دەکات کە بابەتەکانی خوێندن بە تەواوی بچێتە مێشکییەوە و لێی شارەزا بێ.. کە دەچێتە قوتابخانەش هەست بە ئاسوودەیی و خۆشحاڵی دەکات.

هەر چەندە ئەو ئەرکانە قوتابی کەمێك ماندوو دەکەن بەڵام لە هەمان کاتدا قوتابییەکە بە ماندوو بوونەکەی شاد دەبێ و چەشەی لێ وەردەگرێ، لە ماڵەوەش دایك و باوکان کە دەبینی منداڵەکانیان خۆیان بە ئەرکەکانی قوتابخانە ماندوو دەکەن دڵخۆش دەبن، لە قوتابخانەش مامۆستا کە دەچێتە ژووری پۆل دەبینێ قوتابییەکانی خۆیان بۆ بابەتەکە ئامادە کردووە ئەویش بە چالاکی وانەکەی دەڵێتەوە و دڵنیا دەبێ کە خۆ ماندوو کردن و هەوڵەکانی بێ هەوودە ناچن.

سەرەڕای ئەمەش قوتابی ئەگەر ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرکەکانی ماڵەوەی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکات، ئەوا لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا بێ ئەوەی خۆی زۆر ماندوو بکات دەتوانێ بە سەرکەوتوویی دەربچێ.

بێجگە لە مانەش ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە بە ڕێکوپێکی چەند سوودێکی دیکەیش هەیە، لەمانە:

١- یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە وانەکانی بگات و لە مێشکی بچەسپێ.

٢- لە ئەنجامی زۆر خوێندنەوە خۆ ماندوو کردن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا ئاسۆی ڕۆشنبیری قوتابی فراوانتر دەبێ.

٣- کاتی بێ ئیشی قوتابییەکە کەمتر دەبێتەوە و کەم خۆی بەشتی بێسوود خەریك دەکات.

٤- بە دیار کەوتنی ئەو توانا و بەهرانەی کە لە ناخی قوتابیدا وەکو چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان.

٥- قوتابی فێر دەبێ چۆن کاتی خۆی ڕێك بخات، بەمەش دەبێتە ئەندامێکی بە سوودی کۆمەڵ و هەست و لێپرسینەوە دەکات.

**سەرچاوە**

* الدكتؤر احمد حسن الرحيم / الواجب البيتي / **مجلة المعلم الجديد / المجلد** تاسع و العشرون / كانون الثاني-اذار ١٩٦٦ ل ٧-١٣

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢٠٩٧ی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆڵی مامۆستا
# لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا

سەدەی بیستەم سەدەی گۆرانکارییە خێراییەکانی جیهان بوو لە هەموو ڕوویەکەوە، سەدەی داهێنان بوو، سەدەی ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕی هەمە جۆر بوو،سەدەی ئالۆزیی ژیان و زۆریی پێداویستییەکانی بوو، سەدەیەکە ڕۆژانە مرۆڤ تێیدا بەرەنگاری زۆر شت دەبێتەوە، شتی سروشتی و هی شارستانیش.

ڕۆڵی مامۆستا لە پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەرە، چونکە هەموو پێشکەوتن و گۆرانکارییەکی کۆمەلایەتی بنچینەکەی پەروەردە و فێر کردنە، چونکە پەروەردە و فێر کردن پرۆسەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی فراوانە و دوو لایەنی زۆر گرنگ دەگرێتەوە:

یەکەمیان لایەنی جیهانی و مرۆڤایەتی کە سەرجەمی مرۆڤایەتی بە هەموو زمان و ڕەگەز و ئایینێکەوە هاوبەشی تێدا دەکەن.

دووەمیان لایەنی نیشتمانی و نەتەوەیی کە لە پەروەردەوە چەکەرە دەکات ،

مەبەست لە پەروەردە و فێر کردن پێگەیاندنی کەسایەتییەکی تەواو و لێهاتوو و داهێنەرە کە لە ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤەوە هەڵقولابێ.

پەروەردە و فێر کردن لە وڵاتی ئیمە دا دەبێ گرنگییەکی تەواو بە دروست کردنی کەسایەتی کورد بدات و لە ڕەوشت و دابونەریت و کەلەپووری کۆمەڵ لا نەدات و پەرەی پێ بسەنێ و پێشی بخات.

پەروەردەی نوێ پێویستە گیانی تەبایی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و پاکی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری و چەندین ڕەوشتی بەرزی دیکە لە ناو دڵ و دەروونی منداڵ و تازە پێگەیشتووەکاندا بڕوێنێ، ئەم پەروەردەیەش لە دوو سەرچاوەوە بە قوتابی دەگات:

١- پرۆگرامی خوێندن.
٢- مامۆستا.

سەبارەت بە پڕۆگرامەکانی خوێندن حکوومەت خۆی لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە نەخشەی بۆ دادەڕێژێ و جێبەجێش دەکات.

پڕۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا دەبێ بە وردی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە و پوختە بکرێ و لایەنی نیشتمانی تێدا ڕەچاو بکرێ و گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێ.

بەڵام مامۆستا گرنگترین هۆکارە بۆ گۆڕین و دروست کردنی کەسایەتی قوتابی، بۆیە دەبێ بایەخێکی تەواو بە پێگەیاندنی مامۆستا بدرێ. دەبێ کەسانێك بە مامۆستا دابمەزرێندرێن کە مرۆڤی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بن و باوەڕیان بە پەیامی پیرۆزی مامۆستایەتی هەبێ.. پێویستە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕەوتی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواریدا نارۆن و ئاگایان لە ئازار و ئەشکەنجە و موعاناتی نەتەوەکەیان نییە لە کاری پیرۆزی پەروەردە و فێرکردندا نەمێنن.

مامۆستا بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە گۆڕینی کۆمەڵگای کوردەواریدا ببینێ پێویستە ئەو سیفەتە بەرزانەی هەبێ:

١- کارەکەی خۆی خۆش بوێ و ئەرکەکانی بە ئەرکی پیرۆزی سەرشانی بزانێ.

٢- باوەڕی بەتین بێ و متمانەی بە خۆی هەبێ.

٣- بە بەردەوامی هەوڵ بدات کەموکوری و ناتەواوییەکانی خۆی نەهێڵێ.

٤- ئاگاداری هەموو گۆڕانکاری و نوێکارییەکی بواری پەروەردە بێ.

٥- وانەکانی بە تازەترین ڕێگاکانی پەروەردە بڵێتەوە.

٦- وردبین ە بە تێبینی بێ.

٧- بۆ ئەوەی بتوانێ بە تەواوی کار لە قوتابییەکانی بکات و پێوەندیی نێوانیان دۆستانە بێ، دەبێ خۆشەویستییەکی تەواو لە نێوان خۆی و قوتابییەکانیدا دروست بکات.

٨- مرۆڤێکی هێمن و بە ئارام و لە سەرخۆ بێ.

٩- هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ قوتابییەکانیدا لە سەر بنچینەی یەکسانی و دادپەروەری بێ.

١٠- شارەزای دابونەریت و جۆری ژیانی ئەو دەوروبەرە بێ کەتێیدا کاردەکات و خۆی لەگەڵ بگونجێنێ.

١١- ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بە نەخشەیەکی دیاری کراو بە ئەنجام بگەیەنێ.

١٢- لە نزیکەوە ئاگاداری قوتابییەکانی بێت و هەوڵ بدات بە پێی توانا گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانییان چارەسەر بکات.

١٣- هاوکاری تەواو لە گەڵ بەڕێوەبەر و کارمەندانی قوتابخانەکەی بکات بۆ هەر کارێکی کە لە بەرژەوەندیی گشتیدابێ.

**سەرچاوە**

* الدكتؤر عبدالحميد كاظم / دور المعلم في الأصلاح الأجتماعي. **مجلة المعلم الجديد** / المجلد العشرون / كانون الأول ١٩٥٧ ل ١-٥

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢١٠٠ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٤دا بلاوکراوەتەوە.

# زانست و شەڕ

زۆر کەس، تەنانەت هەندێك لە ڕۆشنبیرانیش،کە باسی زانست دەکەن تەنیا لە گۆشەیەکی تەسکەوە سەیری دەکەن و هەر لایەنە خراپەکانی دەبینن، خۆیان لەو کارە بەرزانە دوور دەخەنەوە کە مرۆڤ بە هۆی زانست و تەکنۆلۆجیاوە بەدەستی هێناون. ئەو جۆرە کەسانە لە پرۆپاگەندەکانییاندا دژی زانست دەڵێن: زانست بووتە هۆی زۆر شەڕ و کارەساتی گەورە لە جیهاندا،ئەگەر زانست هێندە پێش نەکەوتایە لە کوێ جەنگی گەورە و کۆ کوژ ڕوویان دەدا؟!

دەڵێن ئەو شتانەی کە زانست لە ژێر پەرەی پێشکەوتنەوە دروستی کردوون بۆ کۆیلایەتی و ئازاردانی مرۆڤ بەکار دێن. بەم شێوەیە زانست – بە واتای ئەوان – فێڵی لە پێشکەوتن و مرۆڤایەتی کردووە و مرۆڤی لە بەهاوپێوەندییە دۆستایەتییەکانەوە بۆ شەڕ و شۆڕو ململانێی نادروست بردووە، ئەویش بە هۆی ئەو ئامێرە کوشندانەی کە زانست دایهێناون.

ئێمە بە باوەڕەوە دەڵێین: ئەو ڕێگە و شێوازانەی کە زانست بە هۆیانەوە دەتوانێ لە سروشت و نهێنییەکانی بگات وامان لێ دەکات بتوانین بە هۆی زانستەوە کۆنترۆڵی زۆر لە نهێنییەکانی سروشت

بکەین.. بە هۆی زانستەوە دەتوانین پێش بکەوین و خۆمان بەهێز بکەین، هێزیش لە ژێر دەستەڵاتی خاوەنەکەیەتی، دەتوانیّ بۆ چاکە و کردەوەی چاك بەکاری بێنیّ، هەموو دەشتوانیّ بە ڕێگەی خراپ و بۆ شەڕ نانەوە بەکاری بێنیّ، بەڵام زۆر جار هێزی شەڕ، هەر چەندە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، بەسەر هێزی خێزاندا زاڵ دەبێت و ئەو کاتە ئەوەی هێزە خراپەکە بە ڕۆژێك تێکی دەدات، هێزە خێرەکە بە مانگێك پێی چاك ناکرێتەوە.

زۆر ماددەی کیمیایی لە بنەڕەتەوە بۆ مەبەستی چاك ئامادە کراون بەڵام پاشان بۆ کاری خراپ و دژی مرۆڤایەتی بە کار هاتوون، چونکە زۆر لەو ماددانە بۆ دوو مەبەست بەکار دێن،لە کاتێکدا باشترین ڕێگە چارەی نەخۆشین، لە هەمان کاتیشدا دەتواندریّ بۆ مەبەستی خراپ بەکار بهێندرێن و گازی ژەهراوی و کۆکوژیان لیّ دروست بکریّ.

ئەو سەرەتا و بنچینە هەمە چەشنانەی بۆ چاودێری کردنی ئەستێرە و بۆشاییەکانی ئاسمان بە کار دێن، هەمان شت بۆ سێرە لەّ گرتن و ئاراستە کردنی تۆپی قورس و کاولکەر بەکار دیّ. تەنانەت ئەو (زمان)ەی کە ئیمە بە بەردەوامی پێی دەدوێنن و هرز و بیری خۆمان پیّ دەردەبڕین، دەتوانین بۆ چاکە و بڵاوکردنەوەی زانست بە کاری بێنین، هەروەکو دەشتوانین بۆ خراپە و پڕۆپاگەندەی ژەهراوی و بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی تێکدەرانە بە کاری بێنین.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنیّ کە زمان ئەندامێکی زیانبەخشی لەشەو پێویستە نەبیّ.

ئاراستە کردنی ئەمانە و چونیەتی بەکارهێنانیان پێوەندیی بە ڕەوشت و جۆری ڕەفتار و پەروەردە و بیر کردنەوەی مرۆڤەوە هەیە.. مرۆڤ خۆی بڕیار دەدات کە چۆن و بۆچینی بەکاریان بێنیّ، بۆ چاکە و کردەوەی باش یان بە پێچەوانەوە.

کەواتە تاوان تاوانی زانستی نییە، تاوان هی ئەو کەسانەیە کە زانست بە مەبەستی خراپ بەکار دێنن. زانست سوود بەخشە هەر کاتێك بۆ لایەنی باش بەکار هات، زیانبەخشیشە ئەگەر بێت و بۆ کاری خراپ و تێکدەرانە بەکار بهێندرێ،بەڵام لە فەرهەنگی زانستدا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نییە نەتواندرێ لێی بکۆڵدرێتەوە و هۆکارەکانی دیار بکرێ و چارە سەریی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە زانست ڕێگە و متمانە و باوەڕە.. ڕێگەیە بۆ ئەنجامدانی ئەزموون و تێبینی جۆراوجۆر و تۆمار کردنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، متمانەشە کەڕاستی دەتواندرێ ئاشکرا بکرێ، دواشت باوەڕ بەوەی کە ڕاستی شایانی ئەوەیە لێی بکۆڵدرێتەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فراوان و واقیع بینانەوە سەیری زانست بکەین دەبینین زانست گەورەترین خزمەت پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات و دوتوانێ کێشە هەرە گەورەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات.

مرۆڤ تەنیا بە زانست بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، چونکە زانست و شێوازەکانی لە سەر ڕاستگۆیی و ئارام گرتن ڕامان‌دێنێ و وامان لێ دەکات هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لە سەر بنچینەیەکی دروست بنیاد بنێینەوە کە خۆشی و بەختیاری و ئاشتیمان بۆ مسۆگەر بکات.

**سەرچاوە**

* بشير اللوس / العلم و الحرب / مجلة المعلم الجديد / الجزء الاول / تشرين الأول ١٩٤١ ل ٤٣-٤٦

** لە حەفتەنامەی (یەکگرتوو) ژمارە ٤٢ی ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٢٦دا بلاو کراوەتەوە.



## کەسایەتی مامۆستا

ڕۆژگار دێ و دەڕوا، نەوە لە دوای نەوە دێن و دەچن و کۆتاییان دێ، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە و لاپەڕەی دی دێنە پێشەوە، گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان ڕوو دەدەن، ئەمانە هەموویان و (مامۆستاش) هەر لە قوتابخانەکەی خۆی خەریکی گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەیەتی.. نەوە پێدەگەیەنێ و بەشداری لە دروست بوونی مێژوو دەکات.

ڕۆژگار دێ و تێدەپەڕێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵی کاریگەری مامۆستا پتر بە دیار دەکەوێ.. مامۆستا و مرۆڤە خۆبەختکەرەیە کە مۆم ئاسا خۆی دەسووتێنێ بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەردەم نەوەکانی گەل ڕووناك بکاتەوە. کەواتە مامۆستایەك ئەمە ڕۆڵی بێ و ئەرکەکی هێندە پیرۆز بێ، پێویستە مرۆڤێکی کەسایەتی بەهێز بێ بۆ ئەوەی بتوانی زیاتر کارێگەریی خۆی بسەلمێنی و ئەرکە پیرۆزەکانی بە تەواوی جێبەجێ بکات و نەوەیەکی نوێ و کارامە پێبگەیەنێ و ویژدانی خۆی بحەسێنێتەوە، کۆمەڵگایەك پێبگەیەنێ بتوانێ بەرەنگاری تەگەرەکانی ژیان ببێتەوە و ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو پێشەوە ببات و نەتەوەکەی بگەیەنێتە نەتەوەی پێشکەوتووەکانی جیهان.

کاری مامۆستا هەر ئەوە نییە وانەکانی بڵێتەوە و بەس، کاری مامۆستا زۆر لەمە گرنگترە، کاری ئەو ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵگایەکە کە قوتابییەکانییەتی، بۆیە دەبێ بە کەسایەتی بە هێزی خۆی کاریگەرییەکەی دیار بخات.

کەسایەتی مامۆستا لە خوو و ڕەوشت و ڕادەی زانیاری و ڕۆشنبیری و تەندروستی و شێوە و هەڵسوکەوتی و بیرو بۆ چوونی و گفتوگۆ و قسە کردنی و سۆز و خۆشەویستی و کۆمەڵە سیفاتێکی دیکەوە بە دیار دەکەوێ.

زاناکانی پەروەردەو دەروونناسی دەڵێن (کەسایەتی بە هێز مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی مروڤ لە ژیاندا بە مرۆڤێکی سەرکەوتوو دابندرێ، زانستیش بە تەنیا ناتوانێ ئەو کەسایەتییە دروست بکات). ماموستا کە پەروەردەکارو فێرکەری قوتابییەکانییەتی و ڕۆژانە چەندین کاتژمێر لەگەڵیاندا دەبێ و دەتوانێ بە هەموو شێوەیەك کاریان تێ بکات، پێویستە کەسایەتییەکی سەرکەوتووی هەبێ و ببێتە نموونەی مرۆڤێکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی قوتابییەکانی چاوی لێ بکەن و پێرەوی بکەن.

کەسایەتی بەهێزی ماموستا وا دەکات قوتابییەکانی خوشیان بوێ و زیاتر ڕێزی بگرن و وەکو ڕابەرێك سەیری بکەن. بە پێچەوانەی ئەمە ماموستایەك -خوانە خواستە - ئەگەر کەسایەتییەکی نزمی هەبێ، قوتابییان حەز لە وانەکانی ناکەن و بە چاوێکی شیاو سەیری ناکەن و پیرەوی ئاموژگارییەکانی ناکەن. و بەلاّم ماموستای خاوەن کەسایەتی سەرکەوتوو هەمیشە خوشەویستییەکەی لەلایەن قوتابییان وای لێ دەکات کە گوێڕایەڵی بن و ڕێنماییەکانی جێبەجێ بکەن.

ماموستای خاوەن کەسایەتی سەرکەوتوو کومەڵێك خوو و ڕەوشتی بەرزی هەیە، لەمانە: دڵسۆزە لە ئیشو کارەکانی، خاوەن نەفسێکی بەرزی متمانە بەخۆ کەرە، هەمیشە ڕاست و ڕاستگویە، بەرگریی لە مافی خۆی و کەسانی تریش دەکات، ئازایەو درەنگ تووڕە دەبێ، ژیرو بە ئارام و لەسەرەخۆیە، لەڕەوشت و وکردارو هەڵسوکەوتیدا پاکە و پابەندی خوو ڕەوشتی بەرزو فەلسەفەی تایبەتییە لە ژیاندا، لەزۆربەی کاروباری قوتابخانەکەیدا ڕای تایبەتی خۆی هەیە، کارەکەی خۆی خۆش دەوێ و بە کارێکی پیرۆزی دەزانێ.

کەواتە کەسایەتی بەهێز مانای وانییە هەڕوگێف و سزادان پۆلەکەی کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو ماموستای سەرکەوتوو دەتوانێ بە کەسایەتی خۆی و هەوڵی بەردەوامی خۆی بکات سەرکردەیەکی لێهاتووی قوتابخانەکەی و هەمیشە ببێتە نموونەی مرۆڤی ڕاست و پاك و سەرکەوتوو.

## سەرچاوە

* هنيية جميل عبدالغنى / شخصية المعلم . مجلة المعلم الجديد / المجلد الرابع والعشرون /١٩٦١ ل ٩٤-٩٩

** لە حەفتەنامەی (یەکگرتوو ) ژمارە ٤٤ ی ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٩ دا بلاوکراوەتەوە.

## باخچەی ساوایان

ساڵەکانی بەرایی لە تەمەنی منداڵدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئایینەدەی ژیانیدا، چونکە نیگەرانی و نەخۆشییە دەروونییەکانی منداڵ بەهۆی گرنگی پێ نەدانییەتی لەو تەمەنەدا. بۆیە زاناکانی پەروەردە لەو باوەڕەدان کە قوتابخانە سەرەتاییەکان ناتوانن وەکو پێویست کاریگەریی خۆیان بەسەر ئەو قوتابییانەدا بسەپێنن کە کەمێل لە منداڵی ئاسایی دواکەوتووترن،ئەوان دەڵێن: گرنگیی دان بە تەمەنی پێش شەش ساڵەی منداڵ زۆر پێویستە،

هەر لەم ڕەوانگەیەوەش ( باخچەی ساوایان) واتە (روچە ) دامەزراوە.

ئەو جۆرە دامەزراوانە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لەلایەن دامەزراوە خێرخوازو خزمەتگوزارییەکان و شارەوانییەکاندا سەرپەرشتی دەکرێن و هەموو پێداویستییەکانیشییان بۆ دابین دەکرێ و دەولەتیش لەلایەن خۆیەوە کەمتەرخەمییان لێ ناکات.

باخچەی ساوایان لە هەر وڵاتێکدا یاسای تایبەتی خۆی هەیە و بە گوێرەی ئەو یاسانە کارەکانی ڕادەپەڕێنێ، بەلام ئەوەی هەموو لایەك لەسەری ڕێك کەوتوون ئەوەیە کە کاری سەرەکی ئەو باخچانە گرنگی

دانــە بــە تەندروســتیی منــداڵ و گەشــەکردنی و فێرکردنــی بنــەما سەرەتاییەکانی تەندروستی، هەر بۆیە منداڵ تا لەلایــەن دەزگایــەکی تەندروستییەوە بڕوانامەی لــەش ســاغیی پــێ ئــەدرێ لــەو باخچــانە ناونووس ناکرێ، هەر باخچــەیەکیش تۆمــاری تایبــەتی تەندروســتیی خۆی هەیە کە هەموو زانیارییــەکی تەندروســتیی لــە بــارەی منــداڵ تێدایە و ناو بەناویش لەلایەن پزیشکی تایبەتییەوە سەردانیان دەکرێ.

ماموستایاتی ( باخچــە) ش گرنگییــەکی زۆر بــەم لایەنــە دەدەن و قوتابی فێری پاك و خاوێنی دەکەن بۆ ئەوەی هەمیشە دەمــوو چــاو و جل و بەرگییان بە پاکی بێنێتەوە و سەریان شانەبکەن و ددانیان پــاك بشۆن و خۆیان پیس نەکەن.

باخچەکان بایەخێکی تایبەتی بە چالاکی و ئارەزووە تایبەتییــەکانی منداڵ دەدەن و بواری لە باری بۆ دەڕەخسێنن، جگە لەمەش باخچەی ساوایان گرنگییەکی باش بەڕۆشنبیر کردنی منــداڵ دەدات و چــەندین جۆرە کەرەستەی یاری کردن بــۆ منــداڵ ئامــادە دەکــات و ڕێنمــایی دەکات و بەوێنەی ڕوونکردنەوە و هۆی هەمــە جــۆر مێشــکی گــۆش دەکات.

لەو باخچەنە دا چیرۆکی بەپێز بۆ منداڵان دەخوێندرێتەوە و گەشتیان بۆ ساز دەکرێ بــۆ ئــەوەی جێگــای هەمــەجۆرەکان ببیــنن و چــاویان بکرێتەوە.

منداڵ لە باخچەدا سەربەستیی پێ دەدرێ کە زۆربەی ئارەزووەکــانی بێنێتە دی، یاری بکات، گۆرانی بڵــی، هەڵپــەڕێ، جۆلانــە بکــات، خانووی منداڵان دروست بکات ، وەرزش بکات... هتا د.

بەم شێوەیە منداڵ لەم جۆرە باخچانە فێری ڕەوشت بەرزی دەبێ، سیستەم و یاسای لەلا خۆشەویست دەبێ، حەز لە تێکەڵاوی و ژیانی هەرەوەزی دەکات، ڕێزی هاوڕێکانی دەگرێ، ڕاستگو و دڵپاك دەبێ.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە منداڵ زۆر حەز دەکات گوی لە چیرۆك ڕابگرێ، بۆیە وا باشە ماموستا ئەو جۆرە چیرۆك و سروودانە بە منداڵان بڵێ کە فێری رەوشت بەرزی و نیشتمانپەروەرییان دەکات و ئاسۆی بیریان فراوانتر دەکات.

ئەو دوو ساڵەی کە منداڵ لە باخچەی ساوایاندا بەسەری دەبات هێندەی هەر شەش ساڵی قۆناغی سەرەتایی کار دەکاتە سەر پەروەردە کردنی منداڵ، جگە لەوەش هەندێ لە سەرەتاکانی خوێندن و نووسین فێر دەبێ. دواشت پێویستە ئەوەش بلێین دەبێ ئەو باخچانە ڕۆژانە بەپێ بەرنامەیەکی داڕێژراوو نەخشەیەکی پتەو بەڕێوە بچن.

**سەرچاوە**

* انعام عبدالرزاق منير / رياض الاطفال / مجلة المعلم الجديد / المجلد الحادى والعشرون / اذار _ نيسان ١٩٥٨ ل ٤٥_٥٠

** لە حەفتە نامەی ( یەکگرتوو ) ژمارە ٤٧ ی ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٣٠ دا بلاوکراوەتەوە .

# متمانه بە خۆ کردن و پێگەیاندنی کەسایەتیی

لەوانەیە نەتوانین بە چەند وشەیەکی کورت پێناسەی متمانە بە خۆ کردن بکەین ،بەڵام چەند سیفەتێك هەیە ئەو سیفەتانە لە هەر کەسێکدا هەبن مانای وایە متمانە بەخۆی دەکات و بەپێچەوانەشەوە نەبوونیان بەڵگەی متمانە بەخۆ نەکردنە.

(جێس) هەندیك سیفەتی دەستنیشان کردووە کە نیشانەی متمانە بە خۆ کردنن لەوانە: بەهێزی و هەست کردن بە توانا و ڕێزگرتنی لەلایەن خەڵکەوە. بەڵام (لندچرت ) متمانە بەخۆ نەکردن بەوە لێك دەداتەوە کە مرۆڤ هەمیشە هەست بەسەرنەکەوتن و بێ توانایی خۆی بکات.

(قەوس) یش متمانە بەخۆ نەکردن بە نەمانی هێمن و ترس و دوو دڵی و دوورە پەرێزی و شەرم کردن و بێ توانایی و هەمیشە پێشبینی کردن خراپەو چەند سیفەتێکی دیکە لێك دەداتەوە.

## نیشانەکانی متمانە بە خۆ کردن:

دەتوانین ئەو سیفەتانەی خوارەوە بە بەڵگەی متمانە بەخۆ کردن دابنێن و نەبوونیشیان مانای وایە مرۆڤ متمانەی بەخۆی نییە:

١- هەست کردن بە توانایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفت و تەگەرەکانی ژیان لە ئیستاو لە دوارۆژدا و توانایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیاری بەجێ ... بەرانبەر بەمە :هەست کردن بەبێ

توانایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنگوچەلەمەکان و پشت بەستنی بە کەسانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و هەمیشە پرس کردن بە خەلّك لەکاروباری ئاساییدا و هەست کردن بەوەی کە پێویستی بە کۆمەلّ یارمەتی کەسانی دیکە هەیە لەگەلّ دوو دلّی و زۆر پەرۆشی بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی، ئەمانە گشتییان مانای متمانە بەخۆ نەکردنن.

٢- ڕێزگرتنی خەلّك و بیروڕا وەرگرتن .. بەرامبەر بەمە:
نیگەرانی لە ڕەخنە لێ گرتن و دوو دلّی لە قسەو ڕەفتاری خەلّك و ترس و لەرزی لە ڕادەبەدەر لە شکان و سەرنەکەوتن و حەز کردن لە مەدح کردن و هەست کردن بە پێ توانایی، ئەمانە نیشانەی متمانە بەخۆ نەکردنن.

٣- لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی یەکێك لە خۆی گەورەتر دەبێتەوە هەست بە دلّنیایی دەکات و متمانەی پێ دەکات ... بەرانبەر بەم: هەست کردن بە شەرم و ترس حەز نەکردن لە هەلّسوکەوتی گەوران مانای بێ متمانەییە.

٤- هەست کردن بە دلّنیایی لەگەلّ برادەرەکانیدا و هاوبەش کردن لە ژیانی قوتابخانە ... بەرانبەر بەمە : هەست کردن بە نیگەرانی و ترس لە هەلّوێستە کۆمەلاّیەتییەکان نیشانەی کەم متمانییە.

٥- خۆشحالّ بوون بە کارامەیی و پێوەندیی نوێ ... بەرانبەر بەمە: هەست کردن بەشەرم و ترس لە هەلّوێستی نوێدا.

## ئایا مندالّ متمانەی بەخۆی هەیە ؟

لەوانەیە زۆر لە ڕاستی دوورنەکەوینەوە ئەگەر بلّێین سالّی یەکەمی تەمەنی مندالّ بەهارێکی سەوزە، ئەگەر مندالّ تەندروستیی چاك بێ و لەلایەن دایکییەوە گرنگیی پێ بدرێ لە هەموو گیروگرفتێك دوور

دەبێ. بویە دەبینین کاتێك کە منداڵ شیری دایکی دەمژی لەوپەری خوشحاڵی دایە و هیچ بیر لە دوارۆژ ناکاتەوە و ئاگای لە هیچ ڕووداوێك نییە و بە هێمنی دەژی و دەتوانین بڵێین ئەوە باشترین شێوەی متمانە بە خۆ کردنە.

منداڵ لە ساڵی دووەمی تەمەنییەوە فێری رۆیشتن و قسە کردن دەبێ و چالاکییەکانی دوور لە زیادی دەکەن و حەز لە یاری کردن دەکات .... ئەمانەش نیشانەی متمانە بەخۆ کردنن.

بەلام هەندێك دایك و باوك لەو تەمەنەدا بە چاکی هەڵسوکەوت لەکەڵ منداڵەکانیاندا ناکەن و لە یاری کردن قەدەغەیان دەکەن بە بیانووی ئەوەی نەوەك شتێك بشکێنێ یان جلوبەرگی پیس بکات، تەنانەت زۆر جار ئەگەر بۆ شتێك بگریێ لەسەر ئەوە لێشی دەدەن ... بەم جۆرە یەکەم سەرەداوی کلاَفەی ڕەشبین دەکەوێتە ناو دڵییەوە و پەرۆش دایدەگرێ و ئارامی نامێنێ. بەم جورە سەرئێشە و نیگەرانی جێی متمانە بەخۆ کردن دەگرێتەوە بەتایبەتی لەو کاتەی کە گەورەکان ڕێنمایی دەکەن هەمیشە ئامۆژگاریی دەکەن چۆن شت بگرێتە دەست و نەیانشکێنێ.

## ڕۆڵی خێزان لە متمانە بەخۆکردنی منداڵدا

ئێمە دەزانین گەورە ڕۆڵێکی گرنگی لەپەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵدا هەیە و ئەرکی گەورەی ئەو پەروەردە کردنەش بە خێزان و سپێردراوە، بەلاَم خۆ هەڵقورتاندن لە هەموو گچکەو گەورەیەکی منداڵ وای لێ دەکات بێزار ببێ و متمانەی بەخۆی نەمێنی و هەمیشە هەر پشت بە گەورە ببەستێ.

دەست تێوەردان لە هەموو کاروبارێکی منداڵ وای لێ دەکات هەمیشە لە کارەکانیدا دوو دڵ بێ، بە تایبەتی ئەو کارانەی کە خۆی

بە تەنیا ئەنجامیان دەدات. بەم جۆرە منداڵ هەستی لاواز دەبێ و ناتوانێ هەڵوێست وەربگرێ و هەمیشە گۆشەگیر دەبێ و دوورە پەرێز دەوەستێ و ناتوانێ ڕووبەڕووی گرفتەکانی ژیان ببێتەوە.

گرنگترین هۆکاریش کە گیانی ئازایەتی منداڵ دەکوژێ و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفت بێ هێزی دەکات و گیانی داهێنانی تێدا ناهێڵێ ئەوەیە کە هیچ سەربەستییەك بە منداڵ نەدرێ تا بە ئارەزووی خۆی هەندێك کار ئەنجام بدات وەکو ئەوەی بەخۆی شت بخوات هەرچەند جلوبەرگیش پیس بکات.

## چۆن وابکەین منداڵ متمانەی بەخۆی هەبێ؟

بۆ ئەوەی کەسایەتی منداڵ بە هێز بێ، واباشە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

١- نابێ لە هەموو شتێکی گەورەو بچووك ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی منداڵ بگرین، چونکە هەرچەندە گرنگی دان بە کردەوەکانی منداڵ و هاندانی کارێکی باشە، بەلاّم نابێ خۆمان لە بچوکترین ئیش وکارەکانیشی هەڵقورتێنین.

٢- نابێ خوو وڕەوشت و کردەوەی منداڵ لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بەراورد بکەین، چونکە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان سەلماندوویانە کە بەراوردکردن لە نێوان کردەوەی منداڵ لەگەڵ براکانی خۆی کارێکی خراپە، بۆیە واباشە دایك و باوکان هەمیشە کردەوە باشەکانی منداڵ بەباشە باس بکەن.

٣- ڕێکخستن ژیانی منداڵ و گرنگیدان بە پاك و خاوێنی جلوبەرگ و خواردنی، چونکە ئەمە وای لێ دەکات هەست بەسۆزی دەوروبەر بکات و متمانەی بەخۆی بە هێز بێ.

٤= دوورخستنەوەی ئەو شتانەی کە دەبنە هـۆی تـرس و نیگـەرانی منداڵ،بۆ ئەمەش دەبێ پێداویستییەکانی دابین بکـرێ، بـە تایبـەتی پێداویستییەکانی قوتابخانەی .

٥= منداڵ وا لێ بکرێ هەست بکات لەلایـەن لـەخۆی گـەورەترەوە متمانەی پێ دەکرێ، بۆ ئەمەش وا باشە هەندێك ئـیش وکـاری پـێ بسپێردرێ هەرچەندە ئیش وکارەکانیش زور بچووك بن. چونکە منداڵ کە کارێك جێبەجێ دەکات هەست بە دڵخۆشی دەکات.

٦= واز لە منداڵ بێنین ئارەزووەکانی خۆی جێبەجێ بکـات چـونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەسەر زۆر گیروگرفتدا زاڵ بێ.

**سەرچاوە**

* الـدکتور عـدنان محمـد حسـن / الثقـة بـالنفس واثرهـا فـی تکـوین الشخصیة. مجلة المعلم الجدید / العدد الاول و الثانی ١٩١٤ ل ٤٤-٥١

**له حەفتەنامەی (یـەکگرتوو ) ژمـارە ٤٩ی ڕۆژی ١٩٩٥/٧/١٤ دا بڵاو کراوەتەوە.



## پەروەردە .........ماناو ئەرکەکانی

منداڵ کە تازە لە دایك دەبیّ لە هەموو ڕوویەکەوە بیّ هیّزە تەنانەت لە بیّچووی زۆر گیانلەبەری دیکەش بیّ هیّزترە، بۆیە پیّویستی بە یارمەتییەکی زور هەیە.

بیّچووی پشیلەو مریشك و مەڕومالاّت و زۆر گیانلەبەری دیکەش هەر لە دوای لە دایك بوونییان دەتوانن زۆر چالاکی ئەنجام بدەن و ئەرکی خۆیان لەسەر دایك و باوکیان کەم بکەنەوە، بەلاٚم منداڵ کە لە دایك دەبیّ تاماوەیەکی زۆر هیچ شتیّکی پیّ ناکریّ.

لە ڕووی کۆمەلاّیەتییەوەش کە منداڵ لە دایك دەبیّ زمان و ئاینین و بیرو باوەڕی سیاسیی دیار نییە. منداڵ کە لە دایك دەبیّ دوو جۆرە گاریگەریی بەسەرەوە هەیە،

یەکەمیان شویّنەوارە سروشتییەکانە وەکو زەوی و ئاوو هەوا،دووەمیشیان شویّنەوارە کۆمەلاّیەتییەکانە کە دەوڵەت و خیّزان و کۆمەڵ دەگریّتەوە.

لایەنی یەکەمی لە توانای مرۆڤدا نییە، چونکە ئەو دروستی نەکردوون، لەمەیاندا گیانلەبەری دیکەش وەکو مرۆڤ هاوبەشن . بەلاٚم لایەنی دووەمی – کە لایەنی کۆمەلاّیەتییە ئەمەیان زیاتر مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە.

دەوڵەت و خێزان و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کە خۆی بۆ ڕێکخستنی کاروباری خۆی دایناون بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژیانی بەردەوام بێت.

کۆمەڵ کەلەپووری کۆمەڵایەتی خۆی لە ئایین و سیاسەت و ڕەوشت و دابونەریت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

پەروەردە خاڵی بەیەك بەستنەوەی گەورەیە لەکەڵ بچووك، ئەمەش بە دوو ڕێگەوە دەبێ، قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە.

کارەکانی پەروەردە مەعنەوین و هەستیان پێ ناکرێ، منداڵ چۆن خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ لە گەورە وەردەگرێ، هەر بەم شێوەیەش بیروباوەڕو زمان وەردەگرێ، چونکە کۆمەڵ هەمیشە دەیەوێ نەوەکانی خۆی لەسەر بنچینە و کەلتووری کۆمەڵایەتی خۆی پەروەردە بکات، جگە لەمە منداڵیش دەیەوێ لە چوارچێوەی دابونەریتی کۆمەڵەکەی دەرنەچێ .

پەروەردە ئەرکێکی گەورەی دیکەیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە نابێ هەر بایەخ بە ڕابردوو بدات و ئیستا فەراموش بکات، بەڵکو دەبێ ئیستا لە ڕابردوو گەشەدارتر بکات، چونکە ئەگەر وانەبێ ڕەوڕەوەی پێشکەوتن دەوەستێ یان بەرەو دواوە دەسووڕێتەوە. کەواتە پەروەردە دەبێ ئێستا بەڕابردوو ببەستێتەوە و پتر لە خزمەتی ئیستا دا بێ و بتوانێ بۆشاییەکان بچووکتر و ئەگەرەکان کەمتر بکاتەوە و شیرازە لەیەك ترازاوەکان بۆ یەکتر بباتەوە.

پەروەردەی نوێ دەبێ پەروەردەیەکی نەتەوەیی بێ وبەسەر هەموو ئەو فاکتەرانەدا زاڵ بێ کە دەبێتە هۆی بیرتەسکی و خۆپەرستی و کەمتەرخەمی و هەست بە لێپرسینەوە نەکردن ..... پەروەردە دەبێ مێشك زاخاوو هۆش و بیر ڕۆشن بکاتەوە.

**سەرچاوە**

* الدكتور نوری جعفر / التربية ... معناها و وظيفتها / **مجلة المعلم الجديد / الجزء الثالث / السنة الثالثة عشرة / مايس ١٩٥٠** ل ٢٦_٣٠

** لە گۆڤاری (چرۆ) ژمارە (١) ی ساڵی **١٩٩٥** دا بڵاوکراوەتەوە.



# ئیستگەی قوتابخانە

ئیستگەی قوتابخانە یەکێکە لەو ڕووە شارستانییانەی کە نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵی پێوە دیارە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بە تایبەتی بۆ وانەی جوگرافیاو مێژوو و زۆر بابەتی دیکەش.
ئەم پرۆژەیە هەرچەندە بەرواڵەت بچووکە، بەلاّم ڕۆڵێکی دیاری لە قوتابخانەو ناوچەکەدا هەیە کە ئێستگەکەی تێدا دامەزراوە، سەرکەوتنیشی بەندە بە هاوکاری کردنی ئیدارە و ماموستا و قوتابییان .
ئێستگەی قوتابخانە لە ولاّتی ئێمەدا هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دایە و وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە.
بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو چالاکییانە بین کە ئێستگەی قوتابخانە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا جێبەێ دەکات دەبینین ( بەریتانیا ) بەڕاستی هەنگاوێکی گرنگی لەم ڕووەوە ناوە و لەوانەیە لە ڕیزی هەرپێشەوەی ئەو دەوڵەتانە بێت کە ئێستگەیان لێ دامەزراوە، بۆ ئەمەش ڕەچاوی ئەم خالاّنەی کردووە:

١- دەنگی ناوداران و گەورە پیاوان ئاشنای قوتابییان دەکات.
٢- هەمە جۆریی ئەو بابەتانەی کە پێشکەشی دەکات.

٣- هونەری گوێگرتن لای قوتابییان پەرە پێ بدات و ئارەزووی مۆسیقا و دراماو هونراوەیان لەلا بە هێز بکات.

٤- بابەتەکان سەرتاسەری بن لە جیهانی ئیستا و کون و شتە واقیع و ئەفسانەییەکانیش بگرێتەوە، چونکە هەمەجۆریی بابەتەکان وا دەکات قوتابی خۆی لە نێوان هەموو ئەو بەرنامانەدا ئەو شتانە هەڵبژێریت کە لەگەڵ ئارەزووەکانیدا دەگونجێ هەر وەکو گوتمان سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە بەندە

بە هاوکاری کردنی ماموستا و قوتابییان لە ئێستگەکەدا ... ئەو بابەتانەی کە ئەوان دەتوانن پێشکەشی بکەن زۆرن،

لە مانە:

١- بابەتە سەرکەوتووەکانی دارشتنی (الانشاو) کە لەلایەن قوتابییان خۆیانەوە دەنووسرێن.

٢- گۆشەی ( پرسیارو وەلاّم )، پرسیارەکانیش هەمەرەنگ بن، بەلاّم گرنگییەکی تایبەتی بە بابەتی زانستی و وێژەیی بدرێ.

٣- باشترین بابەتی کتێبە هەمە جۆرەکان.

٤- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دیاردە زەق و نارێکەکان.

٥- نوکتەو قسەی خۆش.

٦- شانۆ گەریی قوتابخانە.

٧- لەبارەی ئەو گیانلەبەرو باڵندانەی کە لە دەوروبەرەکە دا هەن.

٨- پێشکەش کردنی زانیاری لە بارەی شوێنەوارە مێژوویییەکانی ناوچەکە.

٩- ژیاننامەو بیرەوەرییەکانی کەسایەتییە ناسراوەکانی جیهان.

١٠- گۆشەی ئارەزوومەندان بۆ ئەو قوتابییانەی کە تاڕادەیەك و لە بواری ئەدەبی و هونەریدا دەستیان دەڕوات.

١١- چیرۆك و هۆنراوە.

١٢- هەواڵ و چالاکییەکانی قوتابخانە.

١٣- گیروگرفتەکانی قوتابییان.

١٤- گفتوگۆی نێوان دوو قوتابی لە بارەی بابەتێکی دیاریکراودا.

بەم جۆرە دەبینین بوارێکی فراوان لەبەردەم قوتابییاندا دەرەخسێ بۆ ئەوەی هاوبەش لە ئێستگەدا بکەن و ئارەزووەکانییان تێدا جێبەجێ بکەن.

## سەرچاوە


* الدكتور صفاء خلوص / الاذاعة المدرسية / مجلة المعلم الجديد / الجزء الثالث / السنة الخامسة عشرة / مارت ١٩٥٢ل ٤٩_٥٣

** لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ) ژمارە ١٩٦ی ڕۆژی ١٩٩٥/١١/١٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

# مێرد منداڵە تاوانبارەكان و چارەسەركردنی دەروونی

قۆناغی مێرد منداڵی قۆناغێكی كاریگەرە كە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ، بۆیە پێویستە مامەڵەی تایبەتیی لەگەڵدا بكرێ و هەوڵ بدرێ بپارێزرێ، مەبەست لە پارێزگاری كردنیش ئەوەیە كە ئەورێگایەی لەبەردەم بگیرێت كە پێ تووشی تاوان كردن دەبێ، گرنگترین ئەو هۆكارانەش ئەمانەن:

١- هۆكارە فسیۆلۆژییەكان:

زۆر جار مرۆڤ لە ئەنجامی نەخۆشی كۆئەندامی دەوار تووشی تاوان دەبێت .... پارێزگاری كردنی ئەو نەخۆشانەش بەوە دەبێت كە دەوڵەت لە ڕێگەی كردنەوەی ئاموژگاری تایبەت بە كەم عەقڵەكان ئەو جۆرە نەخۆشانە كۆبكاتەوە و ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە پێش ئەوەی نەخوشییەكەیان لێ گران ببێ و چارەسەركردنی لە دەست دەربچێ

٢- هۆكارە جوگرافییەكان :

كەش و هەواو هۆكارە جوگرافییەكانیش كاریگەرییەكی زۆری لەسەر مێرد منداڵاندا هەیە بۆ ئەوەی لە تاوان نزیك ببنەوە یان لێی دووربن. شوێنە زۆر گەرم و زۆر ساردەكان زیاتر مرۆڤ بەرەو تاوان دەبەن وەك لە شوێنە ئاساییەكان.

کەواتە سروشتیش کاری خۆی لە جۆری تاوانەکاندا هەیە،بۆیە دروست کردنی دارستان و گۆمە ئاوی گەورە لە شوێنە گەرمەسێرەکاندا دەبێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوا. بۆیە گواستنەوەی ئەو مێرد منداڵانەی کە گیانی تاوانبارییان بەهێزە لە شوێنە زۆر گەرم و زۆر ساردەکاندا بۆ شوێنە دەشتایی و هاوینە هەوارەکاندا کارێکی باشە و کاریگەریی خۆی دەکاتە سەر هەڵسوکەوتیان.

٣- هۆکارە ئابوورییەکان:

هۆکارە ئابوورییەکانیش ڕۆڵێ خۆیان لە بڵاوبوونەوەی تاواندا هەیە ....لە هەر شوێنێك بێکاری زۆر بێت و هەژاری بڵاوبێتەوە ڕێژەی تاوان کردن زۆر دەبێت و دیاردە دزێوەکانی وەکو دزی و کوشتن و فڕوفێل زیاتر دەبێت. بەڵام بێکاری لە کۆمەڵگا دەوڵەمەندەکاندا دەبێتە هۆی لادان لە دابو نەریتی کۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی کاری بێ ڕەوشتی.

٤- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان :

مەبەست لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەوروبەری مرۆڤە ........

ئەگەر لە دەورو بەرێکدا بژی کە ڕێژەی تاوانی تێدا زۆر بێت و کوشتن و زۆرداری و جەردەیی بە بەڵگەی ئازایەتیی مرۆڤ دابنرێت، مێرد منداڵانیش هان دەدرێن بۆ ئەوەی لە چوار چێوەی هەمان دەوروبەر دەرنەچن. بۆیە هۆشیار کردنەوەی خەڵك ئەو جۆرە شوێنانەو ڕۆشنبیر کردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی دیاردەی تاوان کردن لە ناوچەکەدا کەمتر بێتەوە.

توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە تاوانی مێرد منداڵان جۆرێکی تایبەتییەو لەگەڵ تاوانی گەوراندا جیاوازە و سەپاندنی سزای

گەورە بە سەریاندا، کەنیشانەی تۆڵەسەندنەوەی پێوە دیار بێت، کارێکی پەروەردەیی نییە، بەڵکو چارەسەرکردنی دەروونی و ڕێنمایی کردنیان بۆ کاری باش و ڕوونکردنەوەی ئەنجامی کارە خراپەکان چارەسەرێکی ڕێکتر و گونجاوترە. ئەمەش وای کردووە کە زۆر دەوڵەت یاسای تایبەتی بۆ تاوانی مێرد منداڵ و هەرزەکارەکان دابنێن.

لە یاسای مێرد منداڵانیشدا، بەشێوەیەکی گشتی ،ئەو دوو خاڵە ڕەچاو دەکرێن.

١- پاراستنیان لە کاری خراپ و ڕاهێنانیان لەسەر کردەوەی چاك و ڕێنمایی کردنیان پێش سزادانی جەستە . ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەم جۆرە تاوانبارانە لە شوێنی چارەسەرسازیی تایبەتی دابندرێن نەك لە بەندیخانە گشتییەکان، شوێنەکانیش شێوەی بەندیخانە نەبێت.

٢- شوێنەواری مێردمنداڵەکە چاك بکرێت، ئەگینا کە ماوەی چارەسەرییەکە تەواو بوو و گەڕایەوە ناو خێزان خراپەکەی جارانی بەرە بەرە لە خراپە نزیك دەبێتەوە.

کەواتە چارەسەرکردنی مێرد منداڵ بە دوو ڕێگا دەبێت: یەکەمیان چارەسەری دەروونی و دووەمیشیان چارەسەرکردنی شوێنەوار یان دەوروبەر.

چارە سەرکردنی دەروونیش بە دوو شێوە دەبێت: شی کردنەوەی دەروون و زیندووکردنەوەی دەروون .. هەردوو شێوازیش یەك مەبەستیان هەیە ئەویش نەهێشتنی دیاردە خراپەکانە.

شی کردنەوەی دەروونی بە دوای بنچینەی ئەو دیاردانەدا دەگەڕێی کە لە ناخی دەروونی منداڵەکەدا هەیە، بەڵام زیندووکردنەوەی دەروون دەیەوێ خودی کەسەکە بەرانبەر بەکارە خراپەکان بە هێز بکات.

چارەسەرکردنی شی کردنەوەی دەروون لە داهێنانی (فروید) ە، ئەویش بەوە دەبێت کە نەخۆش یان تاوانبار لە جێگەیەکی خۆش و هێمندا دابندرێت و لە هەموو شتێك ئازاد بێت، پاشان ئەوەی کردوویەتی یان بە خەیاڵی داهاتووە بۆ پزیشکێکی شارەزای دەروونناسی بگێرێتەوە بێ ئەوەی هەست بە دوو دڵی و شەرمەزاری بکات، کارامەیی پزیشکیش بەوە دەبێت کە بتوانێ زۆرترین ئەو شتانە لە نەخۆش دەربهێنێ کە بە نهێنی ماونەتەوە.

ئامانجی شی کردنەوەی دەروون ئەوەیە کە ئەو وزە دەروونییانەی بە شاراوەیی ماونەتەوە ئاشکرا بکرێن بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانێت بە شێوەیەکی دروست بە کاریان بێنێتەوە. جگە لەمە شیکردنەوەی دەروون پەردە لەسەر ئەو پاڵپێوەنەرانە هەڵدەداتەوە کە لە ڕەفتاری خراپ بەرپرسیارن سوودی شی کردنەوەی دەروون تەنیا هەر ئەوە نییە کە دەبێتە هۆی چاکبوونەوەی نەخۆش و گەڕانەوەی بۆ ڕێگای ڕاست، بەڵکو سوودی گەورەی لەوە دایە کە لە ئەنجامی چاك بوونەوەی کۆمەڵێك نەخۆشی لە کۆمەڵگایەکدا چەند بنچینەیەکی دروستی دەروون دادەندرێ کە پێڕەوکردنیان لەلایەن کۆمەڵەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵ بە گشتی لە نەخۆشیی دەروونی دوور بکەوێتەوە.

**سەرچاوەکان**

١- الدكتور عثمان خليل عثمان / وقاية الاحداث من الانخراط في سلك المجرمين، مجلة المعلم الجديد / الجزءان الرابع والخامس / مارت ١٩٤١ ل ٣٣٠-٣٣٤

٢- احمد محمد خليفة / العلاج النفسى للمجانين الاحداث . مجلة المعلم الجديد / الجزء الثالث / مايس ١٩٥٠ ل ٣١-٣٨

** لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ) ژمارە ١٩٨ی ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

# پێگەیاندنی کەسایەتیی قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا

فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە .. فێرکردنی سەرەتاییش وەکو بەشێکی گرنك و بنچینەیی پرۆسەکە چەند ئامانجێکی تایبەتیی هەیە، یەکێك لەو ئامانجانە پێگەیاندنی کەسایەتی قوتابییە، بۆئەمەش پێویستە ئەو تەنگوچەڵەمە پەروەردەیی و دەروونییانە بزانین کە قوتابییان دووچاری دەبن و لە توانایاندا نییە بەسەریاندا زاڵ بن.

زاناکانی پەروەردەو دەروونناسی سەرەتای گەشەکردنی سۆزو بیرو لەشی منداڵیان ڕوون کردووەتەوە و ئەوەیان سەلماندووە یەکەمین پاڵپێوەنەرێك کە بتوانێ هەست و نەستی منداڵ بجووڵێنێ (ئارەزووی گەشەکردن و گەورە بوونییەتی).

منداڵ مرۆڤێکی هەستیارە و ئارەزووی گەشەکردن و گەورە بوونیشی لەمەوەیە کە دەیەوێت خودی خۆی و کەسایەتییەکەی بسەلمێنێ کە جیایە لەگەڵ کەسانی دیکەدا .. ئەمەش شتێکی ڕەسەنەو لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەویدا هەیە یاسای ژیان وای بۆ داناوە.

بۆیە پێویستە ئەو بوارە بۆ منداڵ بڕەخسێندرێ کە هەست بەوە بکات مرۆڤێکە بوونی خۆی هەیە و گرنگیی پێ دەدرێ.

نزیك بوونەوە لە قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و ڕا وەرگرتنییان و هەوڵدان بۆ زانینی بەهرەو ئارەزووەکانیان تاڕادەیەك کەسایەتیی مندالّمان بۆ دیار دەخات.

پێویستە قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەو مافە بە قوتابییان بدەن کە بتوانن بە ئازادی هەستی خۆیان دەربڕن. ئەگەر هات و ئارەزووەکانی قوتابییانمان زانی و کردەوەکانیانمان لەبەر چاو گرت و هەستمان بە تەنگوچەڵەمەکانیان کرد، دەتوانین بە ئاسانی ڕێنماییان بکەین و ڕێگەچارەی شیاویان بۆ بدۆزینەوە. بەلاّم پەلەکردن لە بڕیاردان و تۆمەت دانە پالّ قوتابی بچووك، زیاتر لاساری دەکات و وای بیّ دەکات هەولّ بدات ڕێگەی توند بەکار بێنیّ و کەسایەتییەکەی ئالّۆز بێت.

پێویستە هەولّ بدەین بەهرە شاراوەکانی قوتابی بدۆزینەوە و دەریان بخەین و پەرەیان پیّ بدەین،چونکە دۆزینەوەی بەهرەو ئارەزووەکانی قوتابی خالّی دەست پێکەرە بۆ ئەوەی بنچینەیەکی پەروەردەیی دروست بۆ قوتابییەکە دابڕێژین و بەبەردەوامیش پتەوتری بکەین،کاری سەرەکیی مامۆستاو پەروەردەکارانیش ئەوەیە بتوانن چۆن سوود لە کاتی بیّ ئیشیی قوتابی وەربگرن.پێگەیاندنی کەسایەتیی قوتابی لە چەند ڕوویەکەوە دەبێت: ( جەستەیی ، ژیری ، ویژدانی ، گیانی ، کۆمەلاّیەتی ).

١- لە ڕووی تەندروستی و جەستەییەوە:

پێویستە پڕۆگرامی قوتابخانە سەرەتاییەکان چالاکییە هەمە جۆرەکان بگرێتەوە تا قوتابی لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بکات، ئەویش بەم شێوەیە:

ا- چاودێری کردنی خاوێنیی قوتابی لە جەستەو جلوبەرگ و شێوە و شوێنی نیشتەجێ کردنی دەوروبەری.

ب- بەبەردەوامی هۆکارەکانی خۆپاراستن و ڕێگە چارەی نەخۆشییەکان بۆ قوتابی دابین بکرێ.

پ- ئەنجامدانی ئەو یاری و ڕاهێنانە وەرزشییانەی کە لەگەڵ تەمەن و جەستە و هێزو چالاکییەکانی قوتابیدا دەگونجێ .

ج- پێرەو کردنی ڕێگە تەندروستییەکان لە کاتی خواردن و و خواردنەوە و پۆشین و نووستن و یاریکردندا.

٢- گەشەکردنی ژیریی قوتابی :

ئەمەیان تا ئەم ساڵانەی دوایی گرنگترین ئامانجەکانی فێرکرن بوو ئەگەر نەڵێین تاکە ئامانجی بوو. پەروەردەی نوێش ئەو لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو بە یەکێك لە کارە هەرە گەورەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی قوتابی دەزانێت. بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکرێن:

ا- بتوانێ بە زمانی نەتەوەیی خۆی بخوێنێ و بنووسێتەوە.

ب - بەڕاشکاوی قسە بکات و خەڵك تێبگەیەنێت.

پ- هەر وەکو پێویستە قسە کەرێکی باش بێت ،ئاواش پێویستە ببێتە گوێگرێکی باش.

ج- لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەگەرەو کێشەکان بە زانستییانە بیر بکاتەوە و هەڵوێست وەربگرێ.

٣- گەشەکردنی کۆمەڵایەتی :

قوتابخانە کۆمەڵگایەکی بچووکە و قوتابی تێیدا فێری ئەوە دەبێت کە چ مافێکی هەیە و چ ئەرکێکیشی لەسەرشانە، کۆمەڵیش پێویستی بەوە هەیە کە گەشە بە بەهرەو توانای قوتابییان بدات بۆ

ئەوەی هاوبەشییەکی کاریگەرانە لە بنیاتنانی نیشتماندا بکەن و لەسەر ئەوە ڕابهێندرێن هەمیشە هەست بە لێپرسینەوە بکەن و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی لەخۆ بردوو بن. باشترین ڕێگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەر یەکێك لە کۆمەڵ گوێی لێ بگیرێ و ڕێز لە ڕایەکانی بندرێ ... بۆ ئەمەش

پێویستە قوتابی ئەم شتانە بزانێ:

ا- سیستەم و ئامانجەکانی دەزگا کۆمەلآیەتییەکان بزانێ.

ب-هاوبەشییەکی کاریگەرانە لە ژیانی کۆمەڵدا بکات.

پ- باوەڕی بە جیاوازیی ڕاو بۆچوون هەبێت و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی هەرکەسێك بە ئاسانی بتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ.

ج- خەڵك هان بدات بۆ کاری باش و بەرژەوەندیی گشتی.

ح- گوێڕایەڵی ڕاو بۆ چوونی باش بکات و باوەڕی بە ڕەخنەی بنیاتنەرانە هەبێ.

٤-گەشەکردنی ویژدانی:

پەروەردەی نوێ گرنگییەکی باش بە ئاسوودەیی ویژدان دەدات و پێ وایە کە کۆڵەگەیەکی گرنگی کەسایەتی تەواوە و هۆکارێکە بۆ متمانە بەخۆ کردن.

پەروەردە هەوڵ دەدات هەست و هۆشی تاکە کەسی گەشە پێ بدات، ئەمەش بەرەخساندنی کەش و هەوایەکی گونجاو و دامەزراندنی پێوەندییەکی باش و پتەوو دۆستانە یە لە نێوان قوتابی و مامۆستایان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە بوارەکەدا ئیش دەکەن.

ئامانجەکانی گەشەکردنی ویژدانی بۆ ئەوەیە قوتابی ئەو بەها مرۆڤایەتیانەی لەلا گەلاّلە بێت:

ا- هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەروونی بکات.

ب- ڕێز لە خۆی بگرێ و متمانە بە خۆی بکات، هەر وەکو پێویستە ڕێز لە خەڵك بگرێت و لە حاڵەتی ئاساییدا متمانەیان پێ بکات.

پ- لە قسە و کردەوەدا ئازاو نەترس بێ.

ج- ئارەزووەکانی خۆی لە هەردوو ڕووی هونـەری و تەندروسـتییەوە بێنێتە دی.

ح-پەند لە هەڵە و ڕابردووەکان وەربگرێ.

٥- لایەنی گیانی:

یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردە ئەوەیە کـە سـەرەتاکانی ئـایین لـە قوتابییان بگەیـەنێت و هـەوڵ بـدات کاریگەرییـەکی لـە دەروونیـدا بچەسپێنێ.

ئایین خەڵك فێری ئارام گرتن و خۆ ڕاگرتن دەکات، کاری چـاکیان لا خۆشەویست دەکات، پەروەردە کردنی قوتابی لە ڕووی ئایینەوە وا لـە قوتـابی دەکـات کـە ئـەو سـیفەتانەی تێـدا بێتـە دی:

ا- باوەڕی تەواوی بەبەها مرۆڤایەتییەکان هەبێت.

ب- هەمیشـە هـەوڵی چـاکەکاری بـدات و لـە کـردەوەی خـراپ دووربکەوێتەوە.

پ- یارمـەتیی بـێ دەسـتەلاتان بـدات و بـەزەیی بـە هـەژا و لێقەوماواندا بێتەوە.

ج- خـۆی لـە دەمـارگرژیی ئـایینی و تایفەگـەری و ناوچەچـییەتی بپارێزێ.

**سەرچاوەکان**

* عبدالرزاق حمدانى / محاولة لبنـاء شخصـية الطالـب . مجلـة المعلم الجديد / المجلد الرابع والعشرون ١٩٦١ ل ٨١-٨٥

-جمال حسين الالوسيى / اهداف التعليم الابتـدائى فـى العـراق فـى ضوء الاتجاهات الحديثة . مجلة المعلة الجديد / المجلد ٣٣ / تشرين الثانى ١٩٧٠ ل ٧- ١٨

** لــه ڕۆژنامــەی (ئــاڵای ئــازادی ) ژمــارە ٢٠٧ ی ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٤ دا بڵاوکراوەتەوە .

## بەهرەمەندەکان

## دەستنیشان کردن و گرنگی پێدانیان

منداڵی بەهرەدار سامانێکی نەتەوایەتی و گەنجینەیەکی بەهاداری کۆمەڵە و هۆکارێکی کاریگەری پێشکەوتنە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.

بەهرەمەندەکان بە پێشڕەوی ژیانی شارستانییەتی دادەندرێن،چونکە خاوەن توانای لە ڕادە بەدەرن و توانای مرۆڤیش یەکێکە لە سامانەکانی نەتەوە.

### بەهرە چییە؟

بەهرە: واتا توانای گشتیی ژیری.. بەهرەمەندەکانیش ئەو کەسانەن کە ڕادەی ژمێریان لە ڕادەی ژیریی منداڵی ئاسایی زیاتر بێت.

منداڵی بەهرەمەند کێیە؟

زۆربەی شارەزایان منداڵی بەهرەمەند بەو منداڵە دادەنێن کە توانایەکی بەرزی لە یەکێك لە بوارەکانی ژیاندا هەبێ، یان زیرەکییەکەی لە ڕادە بەدەر و سەرنج ڕاکێشەر بێت و زۆر لە سەرووی هاوتەمەن و هاوپۆلەکانی خۆی بێت.

### ژێری چییە؟

زاناکان بە زۆر جۆر پێناسەی ژێرییان کردووە، هەیە دەڵێ:-

ژیری واتە کار کردنی کۆ ئەندامی دەمار (جیهازی عەسەبی). هەشە دەڵێ: ژیری واتە توانای هەست کردن بە پێوەندییەکان.

گرنگترین سیفەتەکانی ژیریش ئەمانەن: توانای تاك بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنێ. توانای بیرکردنەوە بە پوختەیی بە تایبەتی لە کاروباری نادیاردا. توانای لە ڕادەبەدەری فێر بوون.

## چۆن بەهرەمەندەکان دەستنیشان دەکرێن؟

زۆر شێوازی جیاجیا هەیە بۆ ئەوەی توانا شاردراوەکانی منداڵێ پێ دیار بکرێ،ئەو شێوازانەی بە هۆی دایك و باوك و مامۆستایان و تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە و تاقیکردنەوەی ژیریی بەدیار دەکەوێت .

دەستنیشان کردنی بەهرەمەندەکان بە شێوەیەکی زانستی و دروست کارێکی هێندە ئاسان نییە، چونکە ڕادەی سەرکەوتنیپرۆژەکانی چاودێری کردنی بەهرەمەندەکان بەندە بە ڕادەی سەرکەوتنی دەستنیشان کردنیان.

بەهرەمەندەکانیش هەر چەندە جیاوازی لە نێوانییاندا هەیە بەڵام وەکو کۆمەڵێك زیاتر لەگەڵ یەکدی دەگونجێن. سەرەتای دەرکەوتنی بەهرە شاراوەکان لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکارییەوە دەست پێ دەکات، بەلام چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و پەرەیان پێ دەدرێ، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی منداڵ و شێوازی ژیانی خێزان وکۆمەڵ و قوتابخانە و برادەران.

دەبێ دایك و باوك و مامۆستایان هانی منداڵ و قوتابییەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بەهرەیان بە دیار بخرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ یش بەرەو پێشەوەیان ببەن.

## بۆ چی گرنگی بە بەهرەمەندەکان دەدرێ؟

هەروەکو گوتمان منداڵی بەهرەدار گەنجینەی کۆمەڵە و هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی و گەشە پێدانی. هەموو کۆمەڵگایەك پێویستی

بە سەرکردە و کارمەندی کارامە و لێهاتوو هەیە، بۆیە گرنگیدان بەو بەهرەمەندانە و پەرەپێدانی تواناکانیان کارێکی پێویستی بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژی نزیکدا ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن.

سەرچاوە
* محمود شكري محمود/ الموهوبون- أساليب تشخيصهم و رعايتهم .
مجلة المعلم الجديد/ العدد الاول و الثاني /١٩٨٤ ل ٦٨- ٧٢

لە ڕۆژنامەی ( ئالای ئازادی) ژمارە ٢١٥ ی ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٢ دا بڵاو کراوتەوە .

# ئامانج و شێوازەكانی خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانی قوتابخانە

خزمەتگوزارییـــە كۆمەڵایەتییـــەكانی قوتابخانـــە وەكـــو هـــەر جـــۆرە خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە لە ئەنجامی ئەو پێشكەوتنە زانستییەوە هاتە كایەوە كە جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە خۆیەوەی دەبینی. لە راستیدا خزمەتگوزارییە كۆمەلایەتییەكان بـە شێوەیەكی گشتی( داهێنانێكی هونەری كۆمەلایەتییە) و بـە هـۆی دامەزراندنی ئەو دەزگایانە هاتۆتە كایەوە كە پێشـتر نـەبوون وەكـو: دادگای مێرد منداڵان و كرێكاران و دابین كردنی كۆمەڵایەتی و پلانی نەخشـــە كێشـــانی شـــارەكان.... هتـــاد. خزمەتگوزارییـــە كۆمەڵایەتییـەكانی قوتابخانە بۆیەكـەمین جـار لـە سـاڵی خوێنـدنی ١٩٠٦- ١٩٠٧ لـــە ســـێ شـــاری ئـــەمریكا هاتـــە كایـــەوە، شـــارەكانیش:نیویـــۆرك و بۆســـتن و هـــارتفورد بوون،ئـــەو خزمەتگوزارییانـــەش لـــە ئـــەنجامی ئـــەو گۆڕانكارییـــە بنـــەڕەتی و پێشكەوتنە خێراییەدا سەری هەڵدا كە بووە هۆی:

١- زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان كە بووە هۆی زۆر بـوونی ئـەو منداڵانەی لە تەمەنی خوێندن دان.

٢- دەرچوونی یاساکانی فێرکردنی تەوزیمی کە بووە هۆی زۆر بوونی قوتابییان و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئامادە نەبوونییان لە بەر ئەمە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پێداویستییەکی تازە بابەت بۆ پاڵپشتی کردنی سەرەتاکانی پەروەردەی نوێ و پەیدا بوونی جۆرە لە یەك گەیشتن و هاوکارییەك لە نێوان قوتابخانە و ماڵەوە دەورو بەرداهاتە کایەوە.

## ئامانجەکانی

گرنگترین ئامانجەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵاتییەکانی قوتابخانە ئەوەیە کە هاوکاریی نێوان قوتابخانە و دەوروبەر و قوتابی پتەو بکات بۆ ئەوەی پەرە بەهوشیاری قوتابی بدرێ و ڕەوشتی بەرز بکرێ و کەسایەتی پێبگەیەندرێ.

سەرپەرشتکاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە — ئەگەر هەبێ — بە هاوکاری کارمەندانی قوتابخانە و کەسوکاری قوتابییان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

لێرەدا ڕۆڵی سەرپەرشتکاری کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژ کاری قوتابخانە بەدیار دەکەوێ،چونکە پەروەردەی نۆی دەیەوێ هەموو بوارێك لە بەردەم تازە پێگەیشتووەکاندا بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی توانا شاراوەکانیان بە دیار بکەوێ و بەهرەکانیان بێنە کار.

## شێوازەکانی

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی گشتی، سێ شێوازی هەیە کە ئەمانەن.

١- خزمەتگوزاری تاك: مەبەست لە خزمەتگوزای تاك پەرە پێدانی کەسایەتی تاکە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەر بیگونجێنێ، بۆ ئەمەش سەرپەرشتکاری کۆمەڵایەتی قوتابییە خاوەن گرفتەکان یەکە

یەکــە دەبینــیّ و هــەولّ دەدات- ئەگــەر پێویســت بــوو — پلاّنــی چارەسەرکردنیان بۆ دابنیّ .. ئەو جۆرە گیر و گرفتانەش ئەمانەن:

أ- گیر و گرفتەکانی تایبەت بە خوێندن: بۆ ئەو قوتابییانەی لــە خوێندن دوا کەوتوون یان ئەوانەی لــە چــەند بابــەتێك کــەوتوون یــان ئەوانەی حەزیان لە خوێندن نییە.

ب- گــیرو گرفتــەکانی تایبــەت بــە ڕێنمــایی پیشــەیی و جــۆری فێربوون: ئەمەش بۆ قوتابخانە ئامادەییەکان دەبیّ کە لە یەك پسپۆڕی زیاتریان تێدایە.

پ- گیروگرفتەکانی ڕاهاتنی کۆمەلاّیــەتی : وەکــو گیروگرفتــەکانی هەرزەکاران و چونییەتی ڕاهێنانیان لە چــالاکییە هەمــە جۆرەکــان و گونجاندنیان لەگەلّ خوو و ڕەوشتەکانی کۆمەلّ.

ج- گرفتەکانی تایبەت بە خێزان: وەکو پچڕپچڕی خێــزان و بێبــەش بوونی قوتابی لە سۆزی دایك و باوك بە هۆی مردن یان دەست لە یەك بەردانییان.

چ- گرفتە ئابوورییەکانی خێزان: بۆ ئەمەش سەرپەرشتکار دەتــوانیّ سوود لە توانا داراییەکانی قوتابخانە و کۆمەلّ وەربگریّ.

د- تەگەرە دەروونییــەکان: بــۆ ئەمــەش پشــت بــە دەروونناســان و پزیشکە پسپۆڕەکان دەبەستریّ.

٢- خزمەتگوزاری گشتی:

یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانەبە مەبەستی خزمەتکردنی تاك لە چوارچێوەی کۆمەلّەیەکی ڕێکخراو دا. ئەمــەش بــەم شــێوەیە دەبیّ:

أ- ڕوونکردنەوەی سیستەمی خوێندن، ئەمەش بــە ڕوونکردنــەوەی ئامانج و مەبەست و سوودەکانی دەبیّ.

ب- ڕاهێنانی قوتابییە نوێیەکان و گونجاندنیان لەگەڵ قوتابخانە و خزمەتگوزارییەکانی.

پ- هاوکاری کردن لە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی قوتابییان بۆ ئاشنا بوونی باری ئابووری و دەروونییان.

ج- هاوکاری کردن لەگەڵ ئیدارە و دەستەی مامۆستایان بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی قوتابی بەو شێوەیەی لەگەڵ تەمەن و ئارەزوویان بگونجێ.

چ- یارمەتیدانی قوتابی بۆ دەستنیشان کردنی بەهرە و توانایان.

د- سەرپەرشتی کردنی یانە و بنکەی لاوان.

ه- قوتابی هەندێك لەو زانیارییە پێویستانە فێر بکرێ بە تایبەتی ئەوانەی کە پێوەندی بە دوا ڕۆژی خوێندنیان و جۆری پیشەیان و مەرجەکانی وەرگرتنیان لە پەیمانگا و زانکۆ و دامەزراندنیان لە دەزگاکانی دەوڵەت هەیە.

و- هاندانی قوتابییان بۆ بەشداری کردن لە گەشتەکانی قوتابخانە و هاوبەشی کردن لە ئۆردووگاکانی کار کردن.

ز- پشتگیری کردنی ئەنجوومەنی پۆل و قوتابخانە و یەکێتی قوتابیان.

ح- ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵە جیاجیاکانی قوتابخانە.

٣- خزمەتگوزاری کۆمەڵ: قوتابخانە دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی بە باشترین شێوە تێدا ئەنجام بدرێ لە ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵگا بچووکە و گەشە پێدانی گیانی هاوکاری لە نێوان ئەندامەکانی و خەڵکی ناوچەکە و کەسوکاری قوتابییان .زۆر شێوازی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەوەی قوتابخانە بە کۆمەڵ ببەستێتەوە، لەمانە:

أ- سوود وەرگرتن لە توانای قوتابییان و ئاراستە کردنیان بۆ پێشخستنی ناوچەکە و هاوکاری کردن لە هەموو ڕوویەکەوە.

ب- پتەوە کردنی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان و قوتابخانە بۆ چارە سەرکردنی تەنگو چەڵەمەکان.

پ- ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، ئەوانەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی دامەزراون.

ج- هاوبەش کردنی قوتابییان لە بۆنە و چەژنە ئایینی و نەتەوەکاندا.

چ- هاوبەش کردنی قوتابییان بۆ کۆکردنەوەی پیتاك لە کاتی پێویستیدا.

د- قوتابخانە بکرێتە بنکەیەك بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەسەر بردنی کاتی بێ ئیشی.

هـ- سوود وەرگرتن لە بینایەی قوتابخانە بۆ نیشاندانی فیلم و نمایش کردنی شانۆگەری.

و- بەکارهێنانی قوتابخانە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بە تایبەتی بۆ بەستنی کۆنگرە و کۆبوونەوەکان،لە وانە: کوبوونەوەی باوکان و مامۆستایان.

سەرچاوە

* عزالدين الخيرو/ أهداف و أساليب الخدمات الاجتماعية المدرسية. مجلة المعلم الجديد/ المجلد ٣٣ تشرين الثاني ١٩٧٠ ل ٤٦-٥٦

** لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٢٣٩٩ ی ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٢٠ دا بلاوکراوەتەوە .

# منداڵ و هونەرەجوانەکان

گەردوون بە زەوی و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانییەوە، بە هەوری تەڕ و بارانی بەفرِ و کێلگەی سەوز و چیاو دۆڵ و دەشتاییەکانییەوە، بە دەریا و ڕووبار و داروبار و سروشتی ڕەنگینییەوە، بووەتە شانۆ گەرییەکی هەمە لایەن.. بۆیە پەروەردەی نۆی هەمیشە مامۆستایان بۆ ئەوە هان دەدات کە گرنگی بە هەستی قوتابییان بدەن،(هەستەکان)ی بە مامۆستای یەکەم و (سروشت )ی بە کتێب داناوە.

قوتابخانەی ئیستا قوتابخانەی سەرەتای سەدەی بیستەم نییە هەتا وەکو بەندینخانە سەیری بکرێ و منداڵ بە زۆر بۆی ڕاپێچ بکرێن و لەوێش بە زۆر یاسای سەربازییانەیان بە سەردا بسەپێ و نەتوانن لە چوار چێوەیەکی تەسك دەربچن.

( فلیپ بلارد ) لە بارەی قوتابخانەکانی ئەو کاتی دەڵێ:

خەڵك لەو باوەڕەدان کە پرۆسەی پەروەردە تەنیا هەر فێر کردنە بە هۆی (کتێب ) و خەڵك ڕەمەکییش وا دەزانن قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە قوتابی بە کرِی و بێ جووڵە تێیدا دابنیشێ و سەری بۆ کتێبەکەی دابخات. پەروەردەی نۆی نایەوێ قوتابی وەك جەستەیەکی بێگیان لە

قوتابخانە دابنیشیێ، بەڵکو دەیەوێ ببێتە یەکێك لە کۆڵەگە هەرە چالاکەکانی پرۆسەی پەوەردە و فێر کردن.

هونەرە جوانەکان باشترین شتن بۆ پەروەردە کردنی هەستی قوتابی .. ئەو هونەرانەش وێنە کردن و مۆسیقا و نواندن و کارەکانی دەست دەگرێتەوە.

ئیستاش بە کورتی لە هەر یەکێك لەو هونەرانە دەدوێن:

١-نیگار/

لە وانەیە لە ڕاستی دوور نەکەوینەوە ئەگەر بڵێین شارستانییەتی گەلان بە گشتی قەرزداری وێنە کێشانە، هەر لە ئەندازیاری و هونەرەکانییەوە تا دەگاتە پیشەسازی و زانستە کشتوکاڵییەکان هەموویان لەسەر بنچینەی وێنەکێشان دروست بوون.

(فلورنس کین) دەلێ: ئەگەر لە قوتابخانەدا چەند گرنگی بە نووسین و وانەکان دەدرێ، هێندەش گرنگی بە هونەری وێنەکێشان بدرایە، جیهانی ئیستامان جیهانێکی دیکە دەبوو و خەڵك لە دەنگی تۆپ و شتی مادییەوە بۆ جیهانێکی بەرزتر دەچوون.

وێنە کێشانیش بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆرە:

أ- وێنەی نموونەیی: واتە گواستنەوەی وێنە بە شێوەیەکی میکانیکی لە شتێکەوە بۆ بەردەمی منداڵ، ئەو جۆرە هونەرە گیانی داهێنان و گەشە کردن دەوەستێنێ و جگە لە لاسایی کردنەوەی کتومت هیچ جۆرە هونەرێکی دیکە تێدا نییە.

ب- وێنەگرتنی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری منداڵدا هەیە: ئەمەیان لە ڕووی پەروەردەییەوە لەوەی پێشوو سوود بەخش ترە چونکە منداڵ ورد بوونەوەی خۆی تێدا بکار دێنێ.

پ_وێنە کێشان لە خەیاڵ: ئەمەیان سوود بەخشترین جۆرەکانی وێنەکێشانە، چونکە لەو حاڵەتەدا منداڵ یاخوود قوتابی وێنەیەکی خەیاڵی لە مێشکی خۆی دروست دەکات و ڕەنگەکانی دەستنیشان دەکات، ئەم جۆرەیان گیانی داهێنان لای منداڵ یان قوتابی دروست دەکات و بیر و هۆشی دەخاتە چالاکی و گیانی ئازادیی لەلا گەلاڵە دەبێ بەوەی کە ئارەزووی خۆی بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە دەیەوێ وێنەیان بکات.

مامۆستای نیگار لەو حالەتەدا نابێ زۆر ڕەخنەگرانە کارەکانی قوتابی هەڵبسەنگێنێ بەڵکو دەبێ هانی بدات و بە هێمنی ڕێنمایی بکات.

پێوەندی نێوان قوتابخانە و ماڵەوەش لەم ڕووەوە سوودی هەیە، ئەویش بەوە دەبێ قوتابخانە ماڵەوە تێبگەیەنێ کە نیگار کێشان نابێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندن دوا بکەون.

٢- مۆسیقا/

دەڵێن مۆسیقا خۆراکی گیانە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە کاریگەرییەکی دەروونی لە مرۆڤ دەکات و هەستی دەبزوێنێ.

مۆسیقا زیاتر کار لە منداڵ دەکات چونکە هەستی منداڵ لە هی مرۆڤی ئاسایی ناسکترە.

پێویستە قوتابخانە گرنگی بە مۆسیقا بدات و لە هەر قوتابخانەیەك مامۆستای تایبەتی سروود و مۆسیقا هەبێ بۆ ئەوەی پەرە بە بەهرەی هونەریی قوتابییان بدات و ئەو قوتابییانە دەستنیشان بکات کە مۆسیقا زیاتر کاریان تێ دەکات.

مامۆستای مۆسیقا دەتوانێ ناو بە ناو ئاوازی سادە و پارچە مۆسیقای ئاسان پێشکەش بکات کە لەگەڵ سادەیی مندال بگونجێ.

٣- نواندن/

منداڵ هەر لە خۆیەوە حەز لە لاسایی کردنەوەی کەسانی دیکە دەکات ، دەبینین زۆر جار لە ماڵەوە لاسایی باوکی یان خۆشك و براکانی دەکاتەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە منداڵ حەز لە نواندن دەکات.

هاوبەشی کردنی قوتابیان لە پێشکەش کردنی شانۆگەریی قوتابخانە و نواندن وا دەکات قوتابی زیاتر هەستی شانۆگەرییەتی لەلا بەهێز بێ.

هەرچەندە مەبەستی سەرەکیی لە شانۆگەریی قوتابخانە ئەوە نییە کە بە کۆمەڵ هونەرمەندی گەورەی شانۆیی پێبگەیەنێ، بەڵکو مەبەستەکە زیاتر پەروەردەییە، جگە لەمە چالاکییە شانۆگەرییەکان منداڵ چوستتر دەکات و گیانی هەرەوەزی و هاوکاریی لەلا بەهێزتر دەکات.

٤- کاری دەست /

( دێوی ) ی پەروەردەکاری لەو باوەڕەدایە کە کارە بنچینەییەکانی ژیان باشترین شتن کە قوتابیی لەسەر ڕابهێندرێ،

چونکە مادەم ژیان ئیش کردن و هەوڵدانی بەردەوام بێت، پێویستە منداڵ لە تەمەنێکی زووە وە لەسەر کار کردن ڕابهێندرێ بۆ ئەوەی بە ئارام و نەفەس درێژ بێت.

مەبەست لە کاری دەستیش ئەو کارە گرانانە نین کە لە توانای قوتابیدا نەبێ، بەڵکو ئەو کارانەن کە بتوانێ ئەنجامیان بدات

.. هەر کارێکی دەستیش کە قوتابی بیکات لە دانیشتن و کات بە قسە بەسەر بردن چاکترە .

سەرچاوە

* بهية فرج اللة / الطفـل والفنـون الجميلـة / مجلـة المعلـم الجديـد / الجزءان الرابع والخامس / مارت ١٩٤١ ل ٣٩٧ -٤٠٤

** لە حەفتەنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر ) ژمارە ٢٤٣٠/٤٥ ی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٢ بلاّوکراوەتــەوە بــەلاّم برِگــەی چــوارەمی لیّ قرتاوە.

## منداڵ و چاودێری کردنی تایبەتی

پەروەردە کردنی منداڵ پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان قوتابخانەو ماڵەوەدا، بەلاّم بەرپرسیارییەتی قوتابخانە لە هی ماڵەوە زیاترە، ئەویش لەبەر ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی قوتابخانە لە ماڵەوە رۆشنبیرترە ومامۆستایانیش لە دایك و باوك زیاتر دەتوانن لە قوتابی بگەن و بە پیریانەوە بچن.

مامۆ ستا بەرپرسی یەکەمی کاری پەروەردەیە، بۆیە وا باشە زانیارییەکی تەواوی لە بارەی قوتابیان هەبێ، ئەمەش بە تێکەڵاو بوونی بەردەوام دەبێت، بەلاّم دەبێ ئەوەش بزانین لە ناو کۆمەڵی منداڵاندا کەسانێك هەن پێویستیان بە گرنگی پێدانی تایبەت هەیە چونکە منداڵی ئاسایی نین ، یان زۆر لە هاورێکانیان بەرەو ژوورترن یان زۆر خراپتر.

ئەو جۆرە منداڵانەش هەندێکیان لە قوتابخانەدا پێویستیان بەوە هەیە لە هاورێکانیان جیا بکرێنەوە و هەندێکیشیان دەتوانرێت لەگەڵیان بگونجێندرێت بەلاّم گرنگییەکی تایبەتییان پێ بدرێ.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەو منداڵانەن کە لە قوتابخانەدا دەتوانرێت لەگەڵ هاورێکانیان بن بەلاّم چاودێریی تایبەتی بکرێن، ئەوانیش ئەمانەن:

١- منداڵی پەككەوتوو :

ئـەو منداڵانـەن كەلـە ئـەنجامی ئیفلیجـی یـان هـەر نەخۆشـییەك تارادەیەك پەكیان كەوتووە و ناتوانن وەكو هاوڕێكانیان چالاك بن.

ئەو منداڵانە زۆر جار دەبنە مایەی پـلاو تـوانج تێگـرتن لەلایـەن هاوڕێكانییانەوە، ئەمەش كاردانەوەیـەكی خـراپ دەكاتـە سـەریان و وایان لێ دەكـات هەسـت بـە كـەمی بكـەن، ئـەو جـۆرە منداڵانـە پێویسـتیان بـە گرنگـی پێـدان و چـاودێری كردنـی تایبـەتی هەیـە، ماموستا ئەو قوتابییانە هان دەدات،

بەلاّم كاری وایان پێ ناسپێرێ كە لە تواناياندا نەبی.

لە ماڵەوەش ئەو جۆرە منداڵانە زیاتر نازیان دەگیرێت، دایـك زیـاتر گرنگی بەو منداڵەی دەدات كە ناتەواوە .. ئەگەر بییـەوێ جلـەكانی بگۆڕێت گورج دەچێ یارمەتی بدات،ئەگـەر نـان بخوا بـە پەلـە لای ئامادە دەبێ، هەمیشە لەبەردەمی ئەودا دەكەوێتە گلەیی كـردن لـە بەختی ڕەشی خۆی و منداڵەكەی دا.

بەمەش منداڵەكە تووشـی نیگـەرانی دەبێـت و متمانـەی بـەخۆی نامێنێ و هەمیشە پشت بە كەسانی دیكە دەبەستێ.

٢- منداڵی بینایی كز :

زۆر جار منداڵ چاوی كز و كەم بینا دەبێ بێ ئەوەی دایك و بـاوكی هەستی پێ بكەن بە تایبەتی ئـەو منداڵـەی پـێش چـوونە قوتابخانـە تووشی چاو كزی دەبێت.

ئەو جۆرە منداڵانە خۆشیان هەست بە كەم بینایی خۆیان ناكەن و وا دەزانن ئاساین، بۆیە دەسنیشان كردنی ئەو جـۆرە منداڵانـە شـتێكی ئاسـان نییـە، بـەلاّم مامۆسـتا بـەهۆی ئـەم خاڵانـەوە دەتوانێـت دەستنیشانیان بكات:

ا- بە بەردەوامی چاویان دەسڕنەوە وەکو ئەوەی شتێکی تێدا بێت.

ب- کاتێک تەماشای شتێك بکات سەری خۆی زۆر بۆ خوار دەکاتەوە و دەم و چاوی گرژ دەبێت.

پ- بە کەمترین هۆ تورە دەبێت و دەست بە هاوارکردن دەکات.

ج- ئەو جۆرە منداڵانە بە بەردەوامی خەمبار دیارن.

هەرکاتێك مامۆستا هەستی کرد کە یەکێك لە قوتابییەکانی کەم بینایە، پێویستە بیهێنێتە ڕیزی پێشەوە و هەوڵ بدات زیاتر لە ڕێگەی ( بیستن ) ییەوە زانیارییەکانی پێ ببەخشێ.

٣- منداڵی گوێ گران :

دەستنیشان کردنی منداڵی (کەڕ) شتێکی زەحمەت نییە، بەڵام دەستنیشان کردنی منداڵی گوێ گران هێندە ئاسان نییە، بۆیە زۆر جار ساڵی خوێندن کۆتایی پێ دێت بێ ئەوەی مامۆستا هەست بەوە بکات کە قوتابیی گوێ گران لەپۆلەکەیدا هەیە ، تەنانەت زۆر جار قوتابی خۆشیی هەست بەگوێ گرانیی خۆی ناکات چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێی لەوە سووکتر نەبووە تا بزانێ. قوتابیی گوێ گران زۆر ئاگای لە مامۆستا نابێ، چونکە گوێی لێ نابێت .. بۆیە ئەو جۆرە منداڵانە زۆربەیان لە خوێندن پێش ناکەون و ناتوانن نمرەی زۆر بە دەست بێنن. مامۆستاکە هەستی بەوە کرد کە قوتابیی گوێ گران لە پۆلەکەدا هەیە دەتوانیچ بیهێنێتە ڕێزی پێشەوە و بۆ خوێندن هانی بدات .

٤- منداڵی نەخۆش :

هەندێك منداڵ هەن لاواز و بێ هێزن و نیشانەی نەخۆشییان پێوە دیارە. ئەو جۆرە منداڵانە زۆر جار بەهۆ و بەبێ هۆ توورە دەبن و بەزوویی نیشانەی ماندوو بوونییان پێوە دیار دەبێت.

ئەو جۆرە مندالآنە زۆر لە قوتابخانە دوا دەکەون و زووش بیانوو بۆ دواکەوتنەکەیان دەدۆزنەوە. وا باشە مامۆستا ئەو مندالآنە نیشانەی پزیشك بدات و ناو بە ناو کێش و درێژییان بپێوی بۆ ئەوەی بزانی نەخۆشییەکە تا چ رادەیەك کاری خۆی دەکات .

ئەو جۆرە مندالآنە لە قوتابخانەدا ناتوانن ڕوو بەڕووی قوتابییانی دیکە ببنەوە، بۆیە هەمیشە دەیانەوێ لە ماڵەوە بن و نەچنە قوتابخانە. مامۆستا پێویستە بایەخی تەواو بەو جۆرە مندالآنە بدات و کاری وایان پێ نەسپێرێ کە لە توانایاندا نەبێ، هەروەها هانیان بدات کە یاری بکەن و لە چالاکییە ئاساییەکانی قوتابخانەدا هاوبەشی بکەن

٥- مندالّی گێل :

زۆر جار مامۆستا ڕوو بەڕووی قوتابیی وا دەبێتەوە کە لە لایەنی ژیرییەوە دواکەوتوون. مامۆستا بە زۆر شێوە دەتوانێت ئەو جۆرە قوتابییانە لە پۆل دەستنیشان بکات، وەکو ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە و ڕادەی گوێڕایەڵی قوتابی و جۆری پرسیارەکانی و شێوەی هەڵسوکەوتی.

مامۆستا بە چەند ڕێگایەك دەتوانێ یارمەتیی ئەو جۆرە قوتابییانە بدات، لە مانە: بەراورد نەکردنی لەگەڵ قوتابییە زیرەکەکان و بە نەرمی هەڵسو کەوت کردن لەگەڵیانداو ئەرك پێ سپاردنیان بە گوێرەی توانایان. بەلآم لەگەڵ ئەمەشدا نابێ هەر لە ڕووی بەزەییەوە هەڵسوکەوتییان لەگەڵدا بکرێ وبێ ئەوەی شایستەی ئەوە بن بۆ پۆلی سەرەوە تر بگوازرێنەوە، چونکە ئەمە لە پرۆسەی پەروەردەدا بە کارێکی ناهەموار دادەندرێ.

٦- مندالّی بەهرەمەند:

ژمارەی منداڵە بەهرەمەندەکان بە گوێرەی کۆی ژمارەی منداڵان کەمن، لە قوتابخانەشدا قوتابیی بەهرەمەند وەکو ئەوانی دیکە پێویستی بە بایەخ پێدانی تایبەتی هەیە، چونکە زۆرجار لەو جۆرە قوتابییانە زاناو بلمیەت و سەرکردەی گەورە هەڵدەکەون.

ئەو جۆرە قوتابییانە پێش هاوڕێکانییان دەکەون، قوتابیی وا هەیە بە مانگێك ئەوەندەی دوومانگی قوتابیی ئاسایی شت فێر دەبێ. ماموستا پێویستە زۆر هانی ئەو جۆرە قوتابییانە بدات و تێیان بگەیەنێ کە وڵات زۆر پێویستی بە قوتابیی وەکو ئەوان هەیە.

وا باشە ئەو جۆرە قوتابییانە بەهۆی تاقیکردنەوەی تایبەتییەوە بۆ ئەو پۆلانە سەربخرێن کە لە ئاستی ئەواندایە بەبێ گوێ دانە ماوەی خوێندنیان.

٧- منداڵی لاڵ :

منداڵی زمان گران یان لاڵ ناتوانێت ئەوەی لە مێشکیدایە دەری ببڕی ... ئەو جۆرە منداڵانە پێویستیان بەخەوی زۆر و پشوودان و خواردنی چاك و شوێنی هێمن هەیە.

دایك وباوك و مامۆستایان پێویستە ماوەی گونجاو بەو کەسانە بدەن بۆ ئەوەی بەپێی توانا قسە بکەن و هەست بەوە نەکەن کەلەیەن بەرانبەرەکانەوە گاڵتەیان پێ دەکرێ.

٨- منداڵی تووڕە و بزێو:

هەندێك منداڵی وا هەن کە بە هەموو شتێك تووڕە دەبن و هەڵدەچن. مامۆستا دەبێ بە سنگێکی فراوانەوە لەگەڵیان بجوولێتەوە و ماوەی ئەوە نەدات لەپۆلەکەیدا کاری وا ڕووبدات کەببێتە هۆی ڕەجاندن و تووڕە بوونییان.

٩- منداڵی چەپە ( چوپان ):

زۆربەی زۆری قوتابیان لە کاتی نووسین و بەجێ گەیاندنی کارە کانییان دەستی راستەیان بەکاردێنیٚ، بەلاٚم هەندیٚ قوتابی چۆپانن.هەرچەندە ئەمە زیانێکی ئەوتۆ بە قوتابی ناگەیەنیٚ، بەلاٚم وا باشە مامۆستا هەولٚ بدات کەقوتابی هەر لەقوناغیسەرەتاییەوە لەسەر ئەوە رابهێندریٚ کەبۆ ئەو جۆ رە کارانە دەستی ڕاستەی بەکار بێنیٚ.

١٠- مندالٚی تاوانبار:

ئەو جۆرە مندالاٚنە پێویستە لەلایەن مامۆستا و لەلایەن کۆمەلٚیشەوە چاودێری تایبەتی بکرێن و هەولٚ بدریٚ بە زوویی چارەسەر بکرێن، چونکە واز لیٚ هێنانیان دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژ بە رۆژ گیانی تاوانبارییان لەلا بە هیزتر بیٚ و بەزەحمەت چارەسەر بکر ێن.

١١- مندالٚی بە بیانوو :

ئەو جۆرە مندالاٚنە بۆ هەر شتێك – هەرچەندە بچووکیش بێت بیانوویەك دەبیننەوە. مندالٚی بە بیانوو ئەگەر ڕۆژێك لە قوتابخانە دوا بکەویٚ بیانووی ئەوە دێنێتەوە کە باوکی یان دایکی نەخۆشە، ئەگەر مامۆستا پرسیارێکی لیٚ بکات هەولٚ دەدات خۆی وانیشان بدات کە گوێی لیٚ نییە، ئەگەر تاوانێك بکات بیانوو بۆ تاوانەکەی دەبینێتەوە.

مامۆستا پێویستە هەولٚ بدات بە شێوازی پەروەردەیی ئەو جۆرە مندالاٚنە بهێنێتەوە سەر ڕێگەیڕاست

١٢- مندالٚی جوێن فرۆش ( دەم پیس ) :

ئەو جۆرە مندالاٚنە زۆرن،ئەوانە کە لە قوتابخانە دەردەچن لە ڕێگەی لەگەلٚ قوتابییانی دیکە دەکەون شەڕە جنێوو قسەی ناڕێك بەیەك گوتن.

مامۆستا - هەر نەبێ - دەتوانێت لە قو تابخانە ڕێگە نـەدات بـەو جۆرە ڕەفتارە بکەن.

١٣- منداڵی خەمۆك/

زۆربەی ئەو جۆرە مندالاّنە بەلـەش لاوازن، بـەلاّم بـە بـیرو هـۆش تەواون.

منداڵی خەمۆك لە قوتابخانەدا نایەوێ خۆی لە پۆل بە دیار بخـات و هاوبەشی لە چالاکییەکانیدا بکات، هۆیەکەیەشی ئەوەیە لـە سـزادان دەترسێت یـان متمانـەی بـەخۆی نییـە یـان جـۆری پـەروەردەکردنی ماڵەوەی بەم شێوەیەیە.

پێویسـتە مامۆسـتا هـانی بـدات بـۆ ئـەوەی هاوکـاریی لەگـەڵ هاورێکانیدا بکات وخۆی لێیان دوورە پەرێز نەگرێ.

سەرچاوە

* السيد عبدالحميد كاظم / الطفل المحتاج الى عنايـة خاصـة . مجلـة المعلـم الجديـد / الجزءان الرابـع والخـامس/ مـارت ١٩٤١ ل ٣٦٤ — ٣٧٢

** لـــه ڕۆژنامـــەی ( برایـــەتی ) ژمـــارە ٢٤٧٩ی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٩دا بلاّوکراوەتەوە بـەلام بەهەڵـە ناونیشـانەکەی لەگـەڵ ناونیشانی بابەتەکەی بەرانبەری گۆڕاوە.

# جیاوازیی پلەی تێگەیشتنی لای منداڵ

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم گێتییە فراوانە بدەین زۆر شتی سەیرو لەیەك دوورمان دەكەیتەوە بەرچاو .. كە تەماشای ژوور سەری خۆمان دەكەین چەندین هەزار ئەستێرەی قەبارە جیاوازو لەیەك دوورمان دەكەوێتەوە بەر چاوە كە لە دەوروبەری خۆمانیش ورد دەبینەوە زۆر بوونەوەری جیاواز دەبینیین، چەندی دیكەش هەن بە چاوی ئاسایی نابینرێن و پێویستیان بە زەرەبین ( میكرۆسكۆب ) هەیە.

ئەمانە هەموویان نهێنیی سروشتن و جێگەی بیر لێكردنەوەن، لە مانەش سەیر تر ئەوەیە كەلە ناو سەدان ملیۆن كەسدا مەحاڵە دوو كەس بەتەواوی وەكو یەك بدۆزینەوە، هەرچەندە هەندێ جار دوو برایان دوو منداڵی جمك لە زۆر ڕووەوە لەیەك دەچن بەلاَم لەیەك چوونەكە لە سەدا سەد نییەو زۆر شت لە یەكیان جیا دەكاتەوە، لەوانە رادەی بیرو بۆ چوون زیرەكی و پلەی تێكەیشتنیش دەگرێتەوە هەروەكو كێش و درێژی و قەڵەوی و لاوازی ... هتا د .

پەروەردە كاران لە زووەوە هەستیان بەو ڕاستییە كردووە و بە شێوەیەكی سەرەكی هۆكارەكانیشیان بۆ ئەم سێ خاڵە گەڕاندووەتەوە:

١- بۆ ماوە ( الوراپە ) : ئەمەش لە دوو لایەنەوە دەبێ ، لایەنی جەستەیی و لایەنی ژیریی.

٢- دەوروبەرە ( المحيگ ) دەوروبەریش كاریگـەریی خـۆی هەیـە ...

ئەگەر بێتو دوو منداڵی تازە لە دایك بـووی جمـك لـە یـەكتر جیـا بكەینەوە هەر یەكەیان ڕەوانەی وڵاتێك بكەین كە ڕووی ئـاوو هـەواو پێشكەوتن و ئابووری و جۆری مامەڵەو هەڵسـوكەوت لەگـەڵ یـەكتر جیاوازبن، دەبینین ئەو دوو منداڵە لە زۆر ڕووەوە جیاوازییـان لەگـەڵ یەكتردا دەبێ.

٣- ڕەگەز ( الجنس ) : گومان لەوەدا نییە كە جیاوازییـەكی زۆر لە نێوان كورو كچدا هەیە و هەرچەندە بـەرەو گـەورە بـوونیش بچـن جیاوازییەكە زیاتر بە دیار دەكەوێ، بـە تایبـەتی لـە ڕووی قـەبارەی لەش هێـزو توانـا و شـێوەی بیركردنـەوەیان جگـە لـەم سـێ هۆیـە سەرەكییان هۆی دیكەش هەن كە كار لە زیرەكی و ڕادەی تێگەیشتنی منداڵ دەكەن... منداڵێك بە یانییان بە زگی بەتاڵ بچێتە قوتابخانـە جیاوازە لەگەڵ ئەو منداڵەی كە جەمە خواردنێكی گونجاوی خواردبێ، جگە لەمە منداڵێك كە لەماڵێكی هێمن و ئارام و لە نێـوان دایـك و باوكێكی تەباو ڕێكو پێكدا پەروەردە بكرێت جیاوازیی دەبێت لەگـەڵ ئەو منداڵەی كە لە ماڵێكی پڕ ئاژاوەو لـە نێـوان دایـك و بـاوكێكی ناكۆك و خێزانێكی شیرازە تێكچوودا پەروەردە بكرێ.

سەرچاوە

*السيد رشيد السلبى / الفروق الفردية ، مجلة المعلم الجديد / الجزء الاول / تشرين الاول ١٩٤١ ل ٣٢ — ٣٨

* *لە گۆڤاری ( هەرێم ) ژمارە ٢٣٤ ی ١٥/ ی تشرینی یەكـەمی ١٩٩٩ دا بلاوكراوەتەوە.

# بەکار هێنانی بەرهەم و دیاردە سروشتییەکان لەوانەی ( زانستەکان ) دا

سروشت بەرهەمی زۆری بە ئێمە بەخشیوە، مامۆستای سەرکەوتووش ئەو مامۆستایەیە بتوانێت ئەو بەرهەمانە بۆ ڕوونکردنەوەی وانەی ( زانستەکان ) بەکار بێنێ.

هەندێك لە مامۆستایانی وانەی زانستەکان خۆیان لە تاقیکردنەوەکان دوور دەخەنەوە بە بیانووی ئەوەی قوتابخانەکەیان تاقیگە ( مختبر ) و ئامێرە تایبەتییەکانی تاقیکردنەوەی تێدا نییە، بەلاّم ئەگەر مامۆستا ئاورێك لە سروشت و دەوروبەر بداتەوە دەبینین چەندین سەرچاوەی وای تێدایە کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی وانەکەی دەدەن، لەمانە: سامانی ڕووەك و ئاژەڵ و دیاردە سروشتیەکانی کە کار لە کەم و زۆریی رووەك و بەرهەمەکانی دەکەن لەگەڵ هۆیەکانی خاك داماڵینی و باران و چۆنیەتی دروست بوونی ڕووبارو دەریاکان.

بۆیەپێویستە مامۆستا ئەو هەلاّنە بۆ قوتابی بڕەخسێنێ و ماوەیان بدات بە خۆیان تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن ئەو بوارانەی کەلە سروشتدا بەدی دەکرێن و قوتابی دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ و بۆ مامۆستاش وەکو هۆیەکانی ڕوونکردنەوە بەکار بێنی زۆرن، لەمانە:

١- ئەو دەردو نەخۆشییە کشتوکاڵییانەی کە تووشی ڕووەکە جۆر بە جۆرەکان دەبن، ئەمە وا دەکات قوتابی ئاگای لە جۆری نەخۆشییەکان و قوناغەکانی چۆنیەتی چارەسەرکردنی بێت.

٢- چۆنیەتی بەناو هێنانی زەوی و زار لەلایەن جوتیارانـەوە .لـە کێڵاَن و پەیینی کردن و ئاوەدان وبژارکردن و چنین و دروێنە.

٣- چونیەتی گەشەکردنی گژوگیا سروشتییەکان.

٤- دیاردە سروشتییەکان بە تایبەتی باران و چونیەتی سـوود لیّ وەرگرتنی بۆ ئاوەدانی کشتوکاڵ.

٥- ئاورِۆیشتن و کۆبوونەوەی و سوود لیّ وەرگرتنـی بـۆ دروسـت کردنی وزەی کارەبا.

٦- ئەو دیاردانەی کە دەبنە هۆی داماڵینی خاك.

٧- ئەو شوێنانەی کە زبل و پیساییان تێدا کۆ دەبێتەوەو دەبێتـە هۆی بلاَوبوونەوەی نەخۆشی لـە ئـەنجامی زۆربـوونی مێشـوومەگەزو زێندەوەرە زیانبەخشەکان لەو شوێنەدا.

٨- رێگاکانی پەروەردە و بەخێوکردنی مێرووە سـوود بەخشـەکان وەکو هەنگ و کرمی ئاوریشم و سوود وەرگرتن لە بەربوومیان.

٩- چۆنیەتی بەخێوکردنی گیانلەبەرە ماڵییەکان و پەرِەوڵ.

١٠- چـۆنیەتی سـوود وەرگـرتن لـە کارەکـان و جـۆری ئـەو سووتەمەنییانەی کە لە ناوچەکەدا هەن.

ئەمانە هەموویان باشترین کەرەستەن بەدەسـت مامۆسـتای وانـەی زانستەکان و دەتوانێت لە کـاتی وانـە گووتنـەوەدا وەکـو هۆیـەکانی روونکردنەوە بەکاریان بێنی.

سەرچاوە

* زهير خلف الاعظمى / استقلال الموارد الطبيعية في تدريس العلوم. مجلة المعلم الجديد / الجزء الاول / المجلد ٣٣ تشرين الثـانى ١٩٧٠ ل ٨٥ -٨٧

# ناوەرۆك

پێشەكی........................................ ٥
متمانە بە خۆكردن ...................................٦
باخچەی قوتابخانە..................................... ٩
چیرۆكی مندالآن ...................................... ١٢
شارەزابوونی خوو ڕەوشت ................................ ١٥
منداڵ و درۆكردن ...................................... ٢٠
ڕۆڵی مامۆستا لە ......................................... ٢٥
كتێبخانەی قوتابخانەكان ................................ ٢٧
وانەی سروود لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا ........................ ٣٠
قوتابییە بەهرە دارەكان ودوارۆژیان................................ ٣٢
منداڵ پرس كردن........................................ ٣٤
قوتابی دەوروبەر.......................................... ٣٧
منداڵ ودیسپلین .......................................... ٤٠
هاوكاری كردنی نێوان باوكان و مامۆستایان.......................... ٤٢
تەنگو چەڵەمەی لێدان لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا ............ ٤٥
ئەركە پەروەردەییەكانی ماڵەوەی قوتابی............................ ٤٨
ڕۆڵی مامۆستا لە پێشكەوتنی كۆمەلآیەتیدا ..................... ٥١
زانست و شەڕ ............................................. ٥٥
كەسایەتی مامۆستا......................................... ٥٨
باخچەی ساوایان .......................................... ٦١

متمانە بەخۆکردن و پێگەیاندنی کەسایەتی ..................٦٤
پەروەردە .... ماناو ئەرکەکانی ...........................٦٩
ئێستگەی قوتابخانە...........................................٧٢
مێرد منداڵە تاوانبارەکان چارە سە رکردنی دەروونی ..........٧٥
پێگەیاندنی کەسایەتی قوتابی ................................ ٨٠
بەهرەمەندەکان..................................................٨٦
خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە .............. ٨٩
منداڵ و هونەرە جوانەکان ..................................... ٩٤
منداڵ و چاودێری کردنی تایبەت ........................... ٩٩
جیاوازی پلەی تێگەیشتن ....................................... ١٠٦
بەکارهێنانی بەرهەم و ............................................. ١٠٨

## زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی

١- ئێندێکسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژمارە (١ ـ ١٢)، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠١.

٢- الاختبارات التحصيلية في الرياضيات (بەزمانی عەرەبی)، صباح بويا سولاقا، أربيل، مطبعة وزارة التربية ـ أربيل ٢٠٠١.

٣- (چیمەن) ئەزموونێکی پەروەردەیی کوردی بە شارەزایی سویدی، مارگریتا سوندمان و باربرا ئیسکارسۆن، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

٤ـ چیمەن تجربة تربوية كوردية بخبرة سويدية، مارگريتا سوندمان و باربرا إسكارسون، أربيل، مطبعة وزارة التربية ـ أربيل ٢٠٠٢.

٥ـ ولاتێ بەفرێ هەژمارەکا ناوانە بۆ زارۆیێن کوردستانێ، کامیران بەرواری، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

٦- مدرسة ١١ اذار اول مدرسة كوردية في الموصل مع نبذة تاريخية عن التعليم في كوردستان ـ العراق، د. عبدالفتاح بوتانی، أربيل، مطبعة وزراة التربية ـ أربيل ٢٠٠٢.

٧- گۆڤـــاری گڕوگـــاڵی منـــداڵانی کـــورد و ســـەرەتای ڕۆژنامەنووســـیی پـــەروەردەیی، د. هیمـــداد حوســـێن، هـــەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

٨- لایـــەنی بـــیردۆزی و پراکتیزەکردنـــی لـــە بنچـــینەکانی وانەگوتنـــەوەو فێرکردنـــی مـــەزنان لەگـــەڵ جـــەخت خســـتنە ســـەر نەهێشـــتنی نەخوێنـــدەواری، دانـــانی: هـــانس ئولـــۆف گۆستافســـۆن و هـــێلین لینـــداهۆلم، هـــەولێر، چـــاپخانەی وەزارەتـــی پـــەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

٩- ڕەنـــگ لـــە زمـــانی کوردیـــدا، لێکۆڵینەوەیـــەکی لیکســـیکی ســـیمانتیکییە، د. مســـتەفا زەنگنـــە، هـــەولێر، چـــاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

١٠- مێـــژووی وەرگێـــڕان لـــە ئـــەدەبیاتی کوردیـــدا لـــە کۆنـــەوە تـــا ١٩٣٢، د. فـــەرهاد پیربـــاڵ، هـــەولێر، چـــاپخانەی وەزارەتـــی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٢.

١١- ئێندکســـی گۆڤـــاری ئاســـۆی پـــەروەردەیی لـــە ژمـــارە (١٣ ـــ ٢٤)، شـــوان ســـلێمان یابـــە، هـــەولێر چـــاپخانەی وەزارەتـــی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣.

١٢ـــ ئـــەزمونی گـــەلان لـــەبواری پـــەروەردەو فێرکردنـــدا، بەشـــی یەکـــەم، ئەحمـــەد قـــەرەنی، هـــەولێر، چـــاپخانەی وەزارەتـــی پـــەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣.

١٣- سروشـــتی مرۆڤایـــەتی لـــە ڕوانگـــەی جـــان جـــاك ڕۆســـۆ و ســـیگموند فرۆیـــدەوە، د. کـــەریم شـــەریف قەرەچـــەتانی، هـــەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣.

١٤- دەروونناسییا زارۆکان بزاڤ ـ خەبتین ـ جموجول، جگەرسۆز پێندرۆیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣.
١٥- الملامح السياسية لتاريخ الكرد الحديث و المعاصر، صباح آرام، مطبعة وزارة التربية أربيل ـ ٢٠٠٤.
١٦- دیاری بۆ منداڵانی کوردستان، مەدحەت بێخەو، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣.
١٧- کەونە گوند هەر لە یادمی، دارا محەمەد عەلی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٤.
١٨- چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، جۆن ئەیکن، و/ کەمال غەمبار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٤.
١٩- وێنێن نەترسییێ ، نووسینی ترێزا مورتاف، وەرگێڕان ژ ئنگلیزی، حەکیم عەبدوڵڵا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٤.
٢٠- گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لەلیواکانی کوردستانی عیراقدا، د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.
٢١- ئێندکسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژمارە (٢٥ ـ ٣٦)، شوان سلێمان یابە، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٤.
٢٢- ئەزموونی گەلان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، بەشی دووەم، ئەحمەد قەرەنی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٤.

٢٣- ئێلی بێ تام و نێلی بێ ئەدەب، نووسینی ڕێندرت کرۆم هاود، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە نازم عەبدولڕەحمان محەمەد، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٥.
٢٤- نیگار، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح، وەرگێڕان و پێداچوونەوە تاریق کاریزی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەرەروەدە، هەولێر ٢٠٠٥.
٢٥- نێرگز، بەڕێز ماجد بەکر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٢٦- ڕێنمایکردنی دەروونی، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٢٧- قوتابخانەی هاوڕێ، د. بەدرخان سندی، د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، د. فاتیمە ڕەشید حەسەن.
٢٨- فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، د. تالیب حوسین رشەسووب، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٩- ئێزگەی ڕێگر لە هەڵاتنە، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: نازم عەبدولڕەحمان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣٠- منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا، حەمەسەعید کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣١- جەگەر، حاجی ڕەمەزان بێسکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٢- وەزارەتـــی پـــەروەردە لەســـەردەمی کابینـــەی چـــوارەمدا، ئەحمـــەد قـــەرەنی، بەهائـــەددین جـــەلال، دۆســـتی عەبـــدولقادر، وشـــیار حەمـــەد حـــاجی، چـــاپی یەکـــەم، چـــاپخانەی وەزراەتـــی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣٣ـــ نـەوەکانی چـریکەی دوارۆژ ، شـیعر، کـازم کـۆیی، چـاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٤- نیگـار، ئامـادەکردنی عەبـدوڵڵا محەمـەد سـاڵح، وەرگێـڕان و پێداچـــوونەوە تـــاریق کـــارێزی، هـــەولێر، چـــاپخانەی وەزارەتـــی پەرەروەدە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٥- تیوەرکـانی پـەروەردەو فێربـوون ، یووسـف عوسمـان حەمـەد ، چاپخانەی وەزارەتی پەرەروەدە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٦- مـۆرفیمی ئێسـتایی (ــە) ، د. شـێرکۆ بابـان ، چـاپخانەی وەزارەتی پەرەروەدە، هەولێر ٢٠٠٦.